**لەپێناو بە دۆکیمێنتکردنی کارەساتێکی تراژیدی**

# لەژێر دووکەڵێکی ڕەشدا

**چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە لە تاریکترین ڕۆژەکانی ژیانم**

**تێبینی : ئەم نامیلکەیە بە زنجیرە لە هەفتەنامەی هەواڵ بڵاو بۆتەوە.**



**نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**پێشکەشە :**

- بەو خێزانە نەناسراوە ئاوارەیەی شاری کەرکووک کە گەورەترین ڕیسکیان بەژیانی خۆیان کرد لەپێناو ڕزگار بوونمدا. ڕووناک خان،سۆیلەخان، کەژاڵ خان و دایکی ڕووناک خان.
- بە هێژا و زۆر بەڕێز کاک "ئاسۆ حامیدی" کەلەسەر جادەی سی مەتری هەولێر و لە پڕمەترسیترین چرکەدا خستمیە سەر شانی و منی گەیاندە ماڵێک و پێستە سووتاوەکانی دەستەکانی بڕیم و دەرزی لێدام و بەسروودی شۆڕشگێڕانەوە ماڵئاوایی لێکردم.
- بە زۆر بەڕێز"حاجی وەلی قادر"ی ئامۆزازام کە لەپێناو ڕزگاربوونمدا ژیانی خۆی خستە مەترسییە و لەقەراغی مردن گەڕایەوە.
- بە خوشکی هەرە بەڕێز و خۆشەویستم"هەمین خان"،کەلە تەنگەتاوترین ڕۆژدا لە هەوڵی ئەوە دابوو ژیانم لە مەترسی دوور بخاتەوە.
- بە بەڕێز کاک "فەخرەدین عەزەدین"ی یاریدەدەری پزیشک کە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە تیمارکردن و چارەسەرکردنی دەستەکانم.

# پردێک لە نێوان تاک و مێژوودا

## خوێندنەوەیەک بۆ بیرەوەرییەکانی قوربانییەک

**نووسینی : ڕزگار عومەر**

ئەم بیرەوەرییانەی لە بن دەستی خوێنەردان ،ڕەنگە بەر لەخوێندنەوەو بەپشت بەستن بە ناونیشانەکەی وابێتە بەرچاو کە تەنیا ڕیپۆرتاژ کردنی ڕۆژێکی شومی داگیرکردنەوەی شارێکە،یان بەسەرهاتی مرۆڤێکە لەچەند دیمەنێکی تۆقێنەری کردەوەکانی سوپای عێراق لە کوردستان .بە پێچەوانەی ئەم سادەگەرایەی کە چاوەڕوانی ئەم جۆرە لە بیرەوەری نووسینەوە دەکا،ئەم بەرهەمە دەوڵەمەندە گرنگیەکەی لە چەند چەمکێکی زۆر جیددی دایە،کە بۆ ئەمڕۆی خوێنەرو هاوڵاتی ئاسایی کۆڵەکەی بنەڕەتی بیرتیژکردنەوەی ڕەخنەو فیکری سیاسین.

مێژوو،کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی فیکری سیاسەتە،سیاسەت و مێژوو بە بێ یەکتر،بە بێ ئاراستە کردنی یەکتر ناتوانن بەڕێوە بچن.کاتێک سیاسەتێکی چەواشەداری پڕ لەبەرژەوەندی نوخبەیەک،چینێکی کۆمەڵایەتی،دەسەڵاتێکی دیاری کراو کۆنترۆڵی کۆمەڵگەو بەرهەمهێنانی هەموو فیکرەیەک و یەکەکانی مەعریفە دەکا،ئەو کاتە پەیوەندی (سیاسەت - مێژوو) لە ترادیشناڵە ئەسڵەکەی خۆی دەترازێ ودەبێتە کۆپیەکی چرووک لە پڕوپاگەندەی سیاسی ، دەبێتە حیکایەت و مادەیەکی سووکی دەزگای ئیعلام. خۆشبەختانە ئەم بەرهەمە لە بازنە بنەڕتیەکانی پاراستنی سەربەخۆ بوونی مێژوو نووسینەوە لای نەداوە،لەوەش زیاتر خزمەتێکی گرنگی بە چەند تێگەیشتنێک کردووە کە زۆر جیاوازە لەو شێوازەی کە مێژوو نووسینەوە لە ئەمڕۆی کوردستان بەڕێوە دەچێ،بۆ ئاشنا کردنی خوێنەر بەم جیاوازییانە،لە خوارەوە بەسێ خاڵی کورتکراو دێمە سەریان.

یەکەم : گرنگە خوێنەری کورد لەوە تێبگا کە مێژوو نووسینەوە تەنیا موڵکی ناودارەکان وپاڵەوانەکان و کەسایەتیە بە نفوزەکان نییە.ئەم جیاوازیە سەرەتای شاگەش بوونی منە بەم بەرهەمە،چونکە لەو بەرهەمە خودی نووسەر بەشوێن تۆمار کردنی داستانێک نییە،کە خۆی یان کەسانێک لەخۆی دەچن لەسەردەمێکدا تۆماریان کردبێ،نا ئەو لەجیاتی گەڕان بە دوای خۆی،بە دوای وردوو درشتی ڕووداوێکی گەورەیە،ئەو لەلاپەڕەی یەکەمدا تا دووا لاپەڕ دەیەوێ خۆی وخوێنەر بباتەوە نێو زەمەنی گەرماوگەرمی ڕوودانی ڕووداوەکە.لە زیندوو کردنەوەیدا توانیویەتی کەسەکانی ناو ئەو ڕووداوە وەکو خۆیان بێ مەکیاژ،بەبێ سەپاندنی بیرکردنەوەیەکی دیاری کراو بەسەریان،خۆیان وەکو سروشتی خۆیان بەحەقیقەتی خۆیان بدوێن وهەڵس وکەوت بکەن.

نووسەری ئەم بەرهەمە وەکو هاوڵاتیەکی نەناسراوی سادەی نێو کۆمەڵێ هاوڵاتی تری سادەی نەناسراودا،لەبەسەرهاتی یەک ڕۆژەی شارێکدا و بەهاوبەشی لەگەڵ سەدان هەزاریتری ئەو شارە لەژێر ئاگرباران وکوشتاردا لە تراژیدیایەکی گەورە

**هاوچارەنووس بوون.ئەم هاوچارەنووس بوونە دوای نزیکەی بیست ساڵ دەبێ بە دۆکیۆمێنت،دۆکیۆمێنتێکی لە ژانی هاوبەشی هەزارەها کەسی نەناسراودا،کە لەپشتی دەم چاوی هەریەکێکیان ژیانێک و مرۆڤێک هەیە کە شایەنی ئەوەن بێ رتوش لەمێژوودا ئامادەبن کە خۆیان قوربانی بوون،خۆیان ویستیان شار بپارێزن.**

**دووەم : لەم ساڵانەی ئەخیردا لە کوردستان بە تایبەتی لەسەردەمی شەڕی ناوخۆ،لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی** 2009 **دا،دیاردەیەک سەری هەڵدا لەمێژوو نووسینەوە،کە کەسێکی ناودار یا سەرکردەیەک بە دوای چاک کردنەوەی وێنەی خۆیەتی لە ڕابردوو،خەریکی فۆرمات کردنی بەشێکە لەمێژوو. بۆ ئەم مەبەستەش ئاسانترین چەمک کە دەستیان بۆ دەبردو بەتێکشکاوی بەکاریان دەهێناو دەیانکردە مانشێتی کارەکانیان بریتی بوو لە تەعبیری " دادگای مێژوو ".ئەم چەمکە زۆر بەتاڵ دەبێ،کاتێ ئامانجی :- دابین کردنی بەرائەت بێ لە تاوانەکانی دوێنێ،یان پینەوپەڕۆکردنی سیاسەتە چەوت و بێ باکەکان بێ . چەمکی " دادگای مێژوو " پێش ئەوەی چەمکێکی بریقداری پر لەرە بێ،بریتییە لە پرەنسیبێکی گەورەی بەرپرسیارێتی،کە ڕاستگۆیی بە مانا هەرە جەماوەریەکەی خۆی دەبێ لەپشتی وەستابێ.ئەم بەرهەمەی بەردەستان بێ ئەوەی میکانیکیانە دەست بۆ ساز کردنی دادگایەک ببا،کە بەرائەت و تاوانبار تێیدا بەسەرئەم و ئەودا دابەش کرێ،لەزیندوو کردنەوەی ڕووداوێکی گەورەدا لەجیاتی دادگا سازکردن،پرسیارێکی زۆر گەورە لەسەر ڕۆڵی میلتاریزم لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی ولاتێک بەرز دەکاتەوە.ئەم پرسیارە،وەڵامەکانی ئەرگیۆمێنتێکە کەم تازۆر لەفۆرمی جیاوازدا خەڵکی تریش بەرزی کردۆتەوە،لەوانە "کەنعان مەکیە" لە کتێبی دڵڕەقی وبێ دەنگی.سەرکەوتنی ئەم بەرهەمە لەوەدایە بەبەرزکردنەوەی ئەم پرسیارە،دەرگای کۆمەڵێ وەڵام دەکاتەوە،کە لە دووا خاڵی خوارەوەدا دێمە سەری.**

**سێیەم : لەو خاڵەی سەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە ئەو بەرهەمە پرسیارێکی گرنگی لەسەر ڕۆڵی میلتاریزم لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی سیاسی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە بەرزکردۆتەوە.وەڵامەکانی ئەو پرسیارە مەیدانی زۆر فراوان دەگرێتەوە،کە زانستەکانی سۆسیۆلۆژی ،نووسینەوەی مێژووی کاریگەری سوپا لەسەر ژیانی مرۆڤەکان،دۆکیومێنت کردنی پەیوەندییە ئۆرگانیەکیەکانی نێوان ئایدۆلۆژی-میلتاریزم بۆنموونە فاشیزمی بەعس و دڕندەیی سوپای عێراق.هەموو ئەمانە دەکرێ بەشێکی گرنگ وسەرەکی لەوەڵامەکان ئامادە بکەن.**

**بەڵام،لایەنێکی هەرە گرنگی ئەم وەڵامە ڕەها کردنی بیرەوەرییەکان و ترس و تۆقاندنەکانی پەنگ خواردوەکانی نێو دەروونی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە،ڕەها کردن مەبەستم نووسینەوەی ئەوەی بینیومانە،ئەوەی پێمان کراوە،هەروەکو ئەوەی کە ڕوویداوە،ئەم کارە پێویستی بە جەماوەری کردنەوەیە،واتا نووسینەوەی بیرەوەریەکانمان دەبێتە ئەو داتا سایکۆلۆژیانەی،کە لە پڕۆسەیەکی خۆڕسکدا بیروەری لەدەروونی بریندارو تۆقیو دەردێنێ و دەیکا بە مێژوو.**

**لە کۆتاییدا دەڵێم : ئەم پڕۆسەیە،واتە نووسینەوەی ئەو جۆرە لەبیرەوەری لە ئاستی تاکدا خۆ ڕزگار کردنە لەو کابوسانەی کە تا ئەمڕۆش پێوە دەناڵێنین،تا ئەمڕۆش زۆربەمان مەبەستم ئەو نەوەیەی لەژێر سایەی دەسەڵاتی بەعس گەورە بوو، تەنانەت بەوانەی بەووڵاتانی دونیا بڵاوبوینەوە ئێستاش لە خەونەکانمان لە پڕ خۆمان لە سەیتەرەی حکومەت وسوپا دەبینین بێ ئەوەی هیچ ناسنامەیەکمان پێبێت،یان خۆمان دەبینین گەمارۆدراوین بە سوپای عێراق چەند ڕادەکەین ناتوانین لە شوێنی خۆمان ببزوێین ..هتد.**

**ئەمانە ئەو کۆدە سایکۆلۆژیانەن کە دەبێ بگۆڕدرێ بۆ هێزێکی مادی،ئەم هێزە مادیە بریتیە لە بەرهەم هێنانی دەقی مێژوویی ڕووداوەکان.ئەم کۆدە سایکۆلۆژیانە کە وەک بیرەوەری ناخۆش خۆی لە زاکیرەماندا فایل کردووە هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی لەبیرچوونەوەدایە ئەگەر نەنووسرێتەوە،بەڵام کە دەنووسرێتەوە دەبێتە مێژوو،مێژووش وەکو ئەو بەرهەمە جوانەی بەردەستان، وەکو دەق تاسەر ئەمێنێ.**

**کانوونی دووەمی 2010**
**کەنەدا**

## ئەم نووسینە بۆ دوواکەوت؟

**پاش نۆزدە ساڵ لەکارەساتێکی دڵتەزێن و جەرگبڕ، پاش نۆزدە ساڵ لە ڕووداوێکی تراژیدی کە بووە هۆی لەنێوچوونی ژمارەیەک ژن و منداڵ و مرۆڤی بێ دیفاع ،پاش نۆزدە ساڵ ژیان لەگەڵ ئەو دیمەن و وێنە ئازار هێنەرانەی کە ڕوحیان دیل کردبووم، پاش نۆزدە ساڵ لەماندوو بوونی بێپەروا لەگەڵ ژانێک کە بۆ ساتێک چییە لێم جودا نەبۆتەوە، پاش ئەم هەموو ساڵە وا یاداشتی ئەو چەند ڕۆژانەتان بۆ ئەنووسمەوە کە پڕن لە چیرۆکی غەمبارانە، لێوانلێون لەو دیمەنانەی کە بیرچوونەوەیان مەحاڵە. ڕاستیتان دەوێ چەند ساڵێکە بەنیازم ئەم بەسەرهاتانە لەزمانی خۆمەوە بگێڕمەوە،بەڵام لەلایەکەوە سەرقاڵی ئیش و کارکردن بووم و لەلایەکی ترەوە هۆکارێک نەبوو بۆ پاڵپێوەنانم بۆ دەستپێکردن. بەڵام ئەمساڵ دوو هۆکار لەپشت نووسینەوەی ئەم بەسەرهاتەوەن:**

**یەک : ئەو ژمارە لە دۆست برادەر و هاوڕێیانەی کە هەمیشە و بەردەوام دووپاتیان ئەکردەوە کە ئەو بەسەرهاتانە فەرامۆش نەکەم و هەوڵ بدەم بیان نووسمەوە وەک بەشیک لە مێژووی فەرامۆشکراوی سەردەمێکی دیاریکراو لەژیانی سیاسی لە کوردستان**

دوو : دانیشتنەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق لەسەر کەیسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شاری هەولێر و گویّ بیستبوون بۆ گەواهیدان و قسەی شایەدحاڵێک لەسەر ئەو کارەساتەی کە من یەکێکم لە قوربانییەکانی .

من لام ڕوونە کە تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانە ڕەنگە لای خوێنەر ئەو بۆچوونە بەهێز بکات کە ئەو ماوە درێژە لەوانەیە ببێتە هۆی لەیاد چوونی بەشێک لە ڕووداوە لاوەکییەکان و لەبیرچوونەوەی هەندێک ناوو شتی تری لەم جۆرە. بەڵام هەرگیز نابێتە هۆی لەبیرچوونەوەی ڕاستییەکان و کاڵبوونەوەی ئەو ڕووداوانەی کە وەک سێبەر بەشوێنمەوە بوون و لێم جویّ نەئەبوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵم داوە تا ئەتوانم وردبین بم و بە وردبینییەوە تەماشای ڕووداوەکان بکەمەوە و بە جوانی بیان هێنمەوە بیری خۆم. هەروەها بۆ هەمان مەبەست پەیوەندیم کردەوە بەو کەسانەی کەلەنزیکەوە لەدوای ڕووداوەکە لەگەڵما ژیاون بۆ ئەوەی نەکەومە هیچ هەڵەیەکەوە.بەتایبەتی لە ناوهێنانی ناوی کەس و شوێن و شتی وردی تر.

باسکردنی ئەم ڕووداو کارەساتانە لەلایەکەوە ئەبێتە هۆی یاداشتکردنی ڕاستییەکان و بەدۆکیومێنت کردنی ئەو هەقیقەتانەی کە من بەکاری خۆمی ئەزانم کاریان لەسەر بکەم، چ وەک بەشێک لە زام و ئازاری مرۆڤەکانی کوردستان و چ وەک سەرکوتی بێپەردە و دڕندانەی سوپای ڕژێمی بەعسی خوێنمژ، لەلایەکی تریشەوە ئەبێتە هۆی سوکنایی دڵم و ئارامبوونەوەی دەروونیم کە نۆزدە ساڵە من وەک کلافەیەک ژان و ترس لەگەڵ خۆمدا هەڵم گرتوون.

سەرەتا بەر لەدەستپێکردن ئەم نووسینەم زۆر بەگران ئەهاتە بەرچاو، هۆیەکەشی ئەوە بوو نەمئەویست بچمەوە نێو چرکە بەچرکەی ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆیشتوون و ئێستا نامەوێت بگەڕێنەوە، نەمئەویست بچمەوە ئەو ساتانەی کە تیایدا دووچاری ئازار و ترسێکی لەڕادەبەدەر بووم. بەڵام کەدەستم کرد بە نووسین، بینیم شتەکان زۆر لەوە ئاسانتر هاتنە دەست کە پێشبینیم ئەکردن. ئێستا هەست ئەکەم کارێکم ئەنجامداوە،کارێک کە کاریگەری هەیە لەسەر دەرخستنی سەرەداوەکانی نهێنییەک کەلە مێژووی سیاسی کوردستان بەدەست لێنەدراوی مابووەوە. ئەویش نهێنی سووتان و گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی نەزانراو لە مرۆڤی بێتاوان و بێگەردی کوردستانە کە لە 31-03-1991 بەدەستی هێزەکانی گاردی کۆماری و تەنها بەتاوانی کورد بوونمان و ئازادیخواز بوونمان سووتاین و شەهید کراین. بە دۆکیمێنتکردنی ئەم کارەساتە لە زمانی خۆمەوە وەک ڕزگاربوویەکی ئەو کارەساتە لەلایەکەوە لەڕووی مێژووییەوە بایەخی خۆی هەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەتوانێ وەکو بەڵگەیەک دژ بە جینۆسایدکردن و قڕکردنی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە سوودی لێوەربگرێ و ببێتە بەڵگەیەکی مێژوویی بەدەست مێژوونووسانەوە تا لە سبەینێدا لە نووسینەوەی مێژووی سیاسی کوردستان سوودی لێببینن،لەلایەکی تریشەوە لەڕووی سیاسییەوە بەڵگەیەکی پرسیار هەڵنەگرە لەسەر قوربانی و پێناسەی قوربانی بوونی من و ڕزگاربووەکانی تری نێو لۆرییەکە. من پێمباشە لەم سەرەتایەوە داوای لێبوردن بکەم لەهەر کەسێک کە دەبوایە ناوی بێت و ناویم نەهێناوە. هۆیەکەشی یان ئەوەتا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوەکانەکەوە نییە،یان هەوڵم داوە خۆم لە تەفاسیلی بێسوود بپارێزم ، هەروەها سوپاسی هاوسەری بەڕێزم نێرگز بکەم کەلە یەک مانگی ڕابردوودا کەشوهەوایەکی گونجاو و هێمنی بۆ ڕەخساندم تا بتوانم ئەم نووسینە بەم شێویە بخەمە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

ڤانکۆڤەر – کەنەدا

2010-01-23

# لەژێر دووکەڵێکی ڕەشدا

## هێرشی سەربازی حکومەتی عێراق بۆ سەر شاری هەولێر

شاری هەولێر لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەوە 11-03-1991 ەوە تا 30-03-1991 بەردەوام لەنێوان کەشو هەوایەکی سیاسی ئاوەڵا و ئازادییەکی لەڕادەبەدەردا دەژیا.ئەتمۆسفیری شارەکە سەرباری لەبەینچوونی تەواوی دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعسی خوێنمژ،بۆشاییەکی ئیداری گەورەش ئەبینرا. شار بێخاوەن بوو،ئەوەی هەبوو جگە لە ژمارەیەک بنکە و بارەگای حیزب و لایانە سیاسییەکان هیچی تر نەبوون. ڕژێمی بەعسیش لەڕێگەی نۆکەر و تۆڕی بەکرێگیراوانیەوە بەردەوام پڕوپاگەندەی لەنێو خەڵکدا بڵاو ئەکردەوە کە گوایە ئەگەڕێتەوە و دووبارە دەست ئەگرێتەوە بەسەر شارە ڕزگاربووەکان. ئەم ترسە بەردەوام لەگەڵ خەڵکدا ئەژیا. پێکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شارەکانی باشووری عێراق و ئینجا هێرش بۆ سەر شارەکانی کوردستان.

ڕۆژی 28-03-1991 برا گەورەکەم کاک عەلی لە ئۆردوگای بنەسڵاوەوە هات بۆ ماڵەوە بۆ لام کە ئەوکات من ماڵم لە خانووەکانی کارگەی ڕستن و چنینی شاری هەولێر بوو بەرامبەر گەڕەکی حەی عومال نزیک بە جادەی گشتی مەخموور- هەولێر.کاک عەلی داوای لێکردم کە تا زووە بڕۆین بەرەو دەوروبەری ڕانیە چونکە بەعس هێرش دێنێ.خۆ ئەگەر هیچیش ڕووینەدا،ئەوا دێینەوە. منیش بڕوام وابوو کە شەرمە شار جێبهێڵین و ڕا بکەین،ئەگەر هێرشیش بکرێتە سەرمان ئەوا ئەبێ بەرگری لەخۆمان بکەین.ئەو ڕۆژانە من هێشتا بەتەواوەتی نەمئەتوانی ڕێبکەم بەپێیان، لەئەنجامی بریندار بوونم لە ناو باڵەخانەی یەکێتی نەقابەی کرێکاران لە ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری هەولێر لە 11-03-1991 ، هەر بۆیەش نەمتوانی لە ڕزگارکردنی شاری کەرکووکی زێدە ئازیزم لە 21-03-1991 بەشداری بکەم.بەهەرحاڵ کاک عەلیم بەنائومێدی گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. ماڵی باوکم و ماڵی دوو خوشکیشم لە کەرکووکە هاتبوون بۆ هەولێر و لەماڵی من بوون.تەنها حاجی سلێمانی باوکم(یادی بەخێر) چووبووە ماڵی کاکم لە بنەسڵاوە.لە بەرواری 30-03-1991 سوپای عێراق گەیشتە دەوروبەری شارۆچکەی قوشتەپە و لەهێڵی موسڵیشەوە ناحیەی ئەسکی کەڵەکیان تێپەڕاندبوو و لە هێڵی مەخمووریشەوە لەدەوروبەری گوندی پیرداود بوون. ڕۆژی 30-03-1991 ڕەنگە سەدان ماڵ هەڵهاتن و ڕۆیشتن بەرەو دەرەوەی شاری هەولێر. پەیتا پەیتاش پڕوپاگەندە لەلایەن هەردوو لادا، ڕژێمی بەعس و بەرەی کوردستانی ئەوسا بڵاو دەبوونەوە. تا شەوی 30 لەسەر 31-03-1991 ئیتر دەنگی تۆپ بارانکردن لەناو شاری هەولێرەوە ئەبیسترا و بڵاچەی تۆپ بارانەکە لەسەربانەکانەوە ئەبینرا. ئەو شەوە هەرچۆنێک بوو بە ترس و بیگەرانییەوە نووستین. بەڵام بەرەبەیان ئیتر گومانی تێدا نەما کە بەعس هێرش دێنێ. ئەو سبەینێیە دەوروبەری شەشی بەیانی خوشکی هەرە ئازیزم "زبێدەخان" کە یەک دوو کۆڵان دوور لەماڵی ئێمە و هەر لە گەڕەکی حەی عومال ئەژیا، بەپرتاو هات و پێی ڕاگەیاندم کە بەعس هێرش دێنێ و وا خەڵکی بەلێشاو شار بەجێئەهێڵن و ئەڕۆن،خوشکم گووتی" با ئێمەش بڕۆین" من ڕەتم کردەوە کە بەعس بتوانێ هەولێر بگرێتەوە،بەتایبەتیش کە خەڵکی هەموو چەکدار بوون. ئەوە بوو خوشکم بەرەو ماڵی خۆی گەڕایەوە و ئیتر تا نزیکەی مانگێ دوای کارەساتەکە نەمبینییەوە. ئەو سبەینێیە قاوەڵتییەکی سەرپێیمان خوارد، ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەک: چونکە زۆر بێئیمکانات بووم و جگە لە نان و چا هیچی ترم لەماڵەوە نەبوو. دوو: ترسی گەڕانەوەی بەعس سەرودڵی گرتبووین. هێشتا خەریکی چا خواردن بووین،دەنگەدەنگ لە کۆڵانەوە تا دەهات بەرزتر ئەبۆوە و ئاپوورەی خەڵکی ئەوانەی ئۆتۆمبێلیان نەبوو بەپرتاو دەستی منداڵەکانیان گرتبوو و بەبێ هیچ پلانێک و بێئەوەی بزانن چارەنووسیان بەرەو کوێیان دەبات،ملی ڕێگایان گرتبووە بەر. ڕوانین لەم دیمەنە هەر لەیەک ساتی خۆیەوە هێمای ڕۆژ ڕەشی و تراژیدیایەکی گەورە بوو. لەم ساتە وەختەدا لێکدانەوەی من بۆ هەلومەرجەکە لەنێوان دوو جەمسەردا لەهاتوچۆ دابوو. جەمسەرێکیان خۆشباوەڕی من بوو بە بێتوانایی بەعس و متمانەی تەواوم بە خەڵکی چەکدار و هاوڕێکانم بوو.جەمسەرەکەی تریان ورە بەردان و تێکشکان بوو لەبەرمبەر لەدەستدانی ئازادیدا.لەو چرکە ساتەدا ماڵی ئێمە تەواو خۆیان ساز کرد بۆ ڕۆیشتن. من خۆم ساغکردەوە و پێم ڕاگەیاندن کە ئەوان ئەتوانن بڕۆن و من خەمی خۆم ئەخۆم.هەرچەندە دایکم هەوڵی دا و خوشکەکانم تکایان کرد من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە ئەبێ بەرگری لە ئازادی بکرێت. بۆیە ئەوان هەر هەموو بە منداڵەکانی خۆشمەوە کەوتنە نێو ئەو لێشاوە و ڕۆیشتن، منیش بە تەنها مامەوە و کەوتمە چاودێری کردنی بارودۆخەکە.لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ژمارەی خەڵکەکە تا دەهات کەمتر ئەبووەوە تا وای لێهات تاک و تەرا خەڵک ئەبینران،ئەوانیش یان وەکو من مابوونەوە،وەیان پەلەپروزەی ئەوەیان بوو شار بەجێبهێڵن. لەو گەڕەکەی ئێمە ماڵێک مابوونەوە و کەسیان دەرنەچووبوون.ئەو ماڵەش ماڵی کاک نەوزاد بوو.پەیوەندی ماڵی ئێمە و ماڵی کاک نەوزاد زۆر خۆش بوو.بۆیە سوڕامەوە لای ئەوان و پاش وتوێژێکی کورت لەگەڵ کاک موحەمەدی برای کاک نەوزاد بەنیازی بەرگریکردن و شەڕکردن لەگەڵ سوپای دڕندەی بەعس بەرەو دەرەوەی گەڕەکی حەی عومال ڕۆیشتین و نزیک بازگەی سەرەکی جادەی هەولێر – مەخموور بووینەوە. لەگەڵ چوونە پێشەوەماندا کوڕێکمان بینی RBG یەکی پێبوو و ئەگەڕایەوە بۆ ناو شار و گووتی" ئەو کۆپتەرانە هەراسانیان کردووین و گوللە قازیفەمان پێنەماوە." پرسیمان ئەی دەنگوباس چییە؟گووتی" لە

پێشەوە شەڕە و حەرەس جمهوریمان شکاندووە." ئێمەش تا دەهات دەچووینە پێشتر و هێرشی کۆپتەر و قەسفی تۆپەکانی بەعس تا دەهات چڕتر ئەبۆوە.کاتێ گەیشتینە دووا ڕیزی خانووەکانی گەڕەکی حەی عومال هەندێ چەکدارمان بینی کە خەڵکی دڵسۆز بوون و پێئەچوو سەر بەهیچ لایەک نەبن ئەگەڕانەوە بۆ ناو ماڵەکان. من و مەحەممەد خۆمان لە پەنای خانوویەکدا حەشاردا و چاودێری باوردۆخەکەمان ئەکرد،تا ئەو چەند کەسەی لەپشت بازگەی هەولێر – مەخموور گوللە قازیفەیان پێئەما و تەقەی کلاشینکۆفیش نە کار لە کۆپتەر ئەکا و نە زەفەر بە دەبابە ئەبات. لەو چرکەساتەدا گوللە تۆپێک هات نەمانزانی هی دەبابەکان بوو یان هی قەسفی تۆپەکان بوو چەند مەترێک لەولای ئێمەوە دای بەزەویدا و ئێمە لەوێوە ترسمان لێنیشت. تەقەکردنیش لە کۆپتەر لەو کاتەدا دەبەنگی بوو. ئیتر بواری تەقەکردنمان نەما،بۆیە بەناچاری گەڕاینەوە بەرەو ماڵەوە.ئەم بەشدارییە کورتەی ئێمە دوو سەعاتی خایاند.لەگەڕانەوەماندا بەدەگمەن خەڵکمان ئەبینی.دەرگای ماڵەکان هەموو داخرابوون.وەختێ گەیشتینەوە ماڵ، کاک نەوزاد و کاک چەتۆ و ماڵەوەیان شپرزە دیار بوون.ئیتر بیرمان کردەوە چیبکەین،چی نەکەین،دوواجار دوای ڕاوێژ و گەیشتن بەو قەناعەتەی کە مانەوەمان پڕ مەترسییە،بڕیارماندا ئێمەش هەوڵ بدەین شار جێبهێڵین و خۆ قوتار بکەین. ماڵی کاک نەوزاد هەموو هاتن لەگەڵمان تەنها کاک محەممەد و کاک چەتۆ نەبێ کە ئەوان بەلایەکی تردا ڕۆیشتن. لەم ڕۆیشتنەدا ئێمە ئەمانە بووین : ئەوەندی لەبیرم مابێ(ئەگەر ناوی هەر کەسێکم لەیاد چووە داوای لێبووردن لە بنەماڵەکەی ئەکەم)

1- عەبدوڵا سلێمان
2- نەوزاد عەلی
3- سەنگەر عەلی – برای کاک نەوزاد
4- شادیە عەلی _ خوشکی کاک نەوزاد
5- خاوەر عەلی _ خوشکی کاک نەوزاد
6- دایکی کاک نەوزاد
7- خێزانی کاک نەوزاد
8- منداڵێکی شیرەخۆرەی کاک نەوزاد
9- ڕوقیەخان، دراوسێی ماڵی کاک نەوزاد
10-( ئەگەر هەڵە نەبم دوو ئەندامی تری ماڵی کاک نەوزادیشمان لەگەڵ بوو)

ئینجا دەستمان بەڕۆیشتن کرد و لە خانووەکانی کارگەی ڕستن و چنینی هەولێرەوە لەژێر تۆپبارانێکی چڕدا و لەوێوە بەرەو گەڕەکی کوران.

## شاری سامناک

شار وەک چەمکێکی شوێن هەڵگری کۆمەڵێ دەلالەتی کۆمەڵایەتییە. قەرەباڵغی سیفەتێکی سەرەکی شارە و لەوێشەوە دەنگ و هەرا و هاتوچۆ و کردارەکانی تری ژیان ئەبینرێن.ئەگەر شار لە دەنگ و جووڵە تەجرید بکرێتەوە،ئیتر شار سیفەتی شار بوون لەدەست ئەدات.لەجیاتی ئەوە شار ئەبێتە پنتێکی جوگرافی چۆڵ و وەحشەتناک. ئیتر شار لە بری ئاوەدانی سامناکییەک باڵ ئەکێشێ بەسەریدا. لەشاری سامناک دڵنەوایی و ئاسوودەیی بوونی نییە.بەڵکە ترس و گومان لەهەر جووڵەیەک سێبەر ئەخاتە سەر ساتەکانی ژیان. هەولێر لە 31-03-1991 لە شارێکی پڕ لەهاتوهاوارەوە گۆڕا بوو بە شارێکی سامناک،شارێک کە ئیتر ژیان تێیدا وەستابوو.شارێک هەستت ئەکرد هەناسە نادات،بەڵکو خەریکە لەژێر ڕەهێڵەی تۆپ و گوللە و باروتدا وا ئەخنکێت. من هەرچەندە هیچ مەشقێکی سەربازیم پێشتر نەبینیبوو،چونکە قەت سەربازیم نەکردبوو،بەڵام ئەوەم ئەزانی کەلەکاتی تۆپباراندا کاتێ دەنگی تۆپت لێنزیک ئەبێتەوە،باشترە خۆت بەزەویدا بدەی تا

ساچمە و پریشکت بەرنەکەویٚ.لەڕۆیشتنمان بەناو گەڕەکی کوران هەمان شتمان پیادە کرد. لەڕیگادا بەحوکمی ئەوەی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین گولله بەر قاچەکانم کەوتبوو و برینداربووم، و لەو ڕیٚ ڕۆیشتنەدا برینەکانی پێم کولابوونەوە، ڕوقیەخان داوای لێم کرد کلاشینکۆفەکەم هەندیٚ بۆ هەڵبگریٚ.منیش چەکەکەم پێدا و بەشەلەشەل بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن.سەعات دوانزەی نیوەڕۆ ئەبوو وەختیٚ شەقامی شەست مەتریمان بڕی و بەناو دارستانەکەی کوراندا تێپەڕین.لەسەر جادەی شەست مەتری هیچ ئۆتۆمبێلێکمان نەبینی.ئەو ڕۆژە چاو بڕوایی نەئەهات کەئەوە هەولێرە بەم چۆڵی و سامناکییە.پیرە هەولێر لەو ڕۆژەیا لە جەستەیەکی بریندار ئەچوو کە نەیئەتوانی جووڵە بکات! کاتیٚ بەلای کارگەی ئەلبانەدا تێپەڕین،ئەوسا هەستمان کرد چەند بەجێماوین.بۆیە لەهەوڵی ئەوەدا بووین هەرچۆنێک بێت دەرباز بین و بگەینە دەرەوەی شار.فڕۆکە و هەلیکۆپتەرە سەربازییەکانی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ تا دەهات زیاتر لە شار نزیک ئەبوونەوەو لە بۆردومانکردن بەردەوام بوون. هەستم کرد لەدەوروبەری سەعات یەک تۆپباران نەما.ئێمە دەبوایە بەوە بمانزانیایە کە سوپای بەعس هاتۆتە ناو شار،بەڵام لەو کاتەیا نە تونای تێگەیشتنی ئەو بارودۆخەمان مابوو و نەکەسیش گوێی لەکەس ئەگرت.هەموو هیوایەک لەدەوری چوونە دەرەوەی شار چڕ ببووەوە. بەدەم ڕۆیشتنەوە لەیادم نەماوە شتێکی ئەوتۆمان باس کردبیٚ، جگە لە چاوگێڕان لە فریاد ڕەسێک و پیٚ هەڵگرتنی زیاتر تا بەزوویی بگەینە دەرەوە. دوای تێپەڕین بەلای خانووەکانی مەحەتە و نزیک بوونەوە لە گەڕەکی عەرەب، لەناکاو لۆرییەکمان بینی یەک دوو خێزانی لەدەور بوو و شتیان بار ئەکرد و خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ چوونە دەرەوەی شار.ئێمەش وەک ئەوەی هەنگوینمان لەکونە داردا دۆزیبێتەوە،یەکسەر بەرەو لای لۆرییەکە ڕۆیشتین.

## خۆئامادەکردن بۆ چوونە دەرەوەی شار

من ئێستا لەکاتی نووسینی ئەم یادەوەرییە تاڵ و جەرگبڕە ،نەڕەنگی لۆرییەکە و نە مۆدیلی لۆرییەکەم لەبیر نەماوە. بەڵام ئەوەم جوان لەبیرە کە چووین بۆ لایان و پرسیارمان کرد کەئاخۆ بەنیازن بڕۆنە دەرەوەی شار،ئەوانیش گووتیان بەڵیٚ ئەڕۆینە دەرەوە و ئێمەش گووتمان ئایا ئەتوانین بێین لەگەڵتانا.ئەوانیش قەبووڵیان کرد.ئێمە نزیکەی بیست خولەک لەوێدا چاوەڕوانمان کرد تا شتەکانیان بار کرد. ئەو شتانەی کەبار کران و لەیادم مابیٚ بریتی بوون لە سەلاجەیەک و دوو سیٚ بوتوڵ غاز و دوو بەرمیلی گەورەی نەوت و فەردەیەک مەخزەنی کلاشینکۆفی پڕ لە فیشەک و جێگاوبان و کۆمەڵیٚ شتی تریش.پێش ئەوەی بەتەواوی ئامادە بن گوێم لە شوفێری لۆرییەکە بوو باسی ئەوەی دەکرد کە تایەیەکی سپێری هەیە لە گەڕەکی ئیسکان،ئەچیٚ تایەکە هەڵ ئەگریٚ و ئینجا ئەڕۆین بۆ دەرەوەی شار.منیش پێمگووت برا گیان نەڕۆی بەرەو لای ئیسکان چونکە حکومەت لەوانەیە ئەو گەڕەکانەی گرتبیٚ.ئەویش گووتی باشە.من دڵم ئاوی نەخواردەوە و لە کاکی شوفیرم دووبارە کردەوە و ئەویش بەڵێنی دا.کە نەچێتە لای ئیسکان.بێجگە لەمەش بە کاک نەوزادیشم گووت و ئەویش بەدەوری خۆی بۆ جاری سێهەم بەکاکی شوفێری گووت و کاکی شوفێریش بەڵێنی دا نەچێت بەلای گەڕەکی ئیسکان و یەکسەر بەرەو دەرەوەی شار لێبخوڕیٚ. ئەوسا هەموو سواری لۆرییەکە بووین.ئەوەندەی لەیادم مابیٚ ئێمە کە دە نەفەر ئەبووین و ئەوانیش ژمارەیەک بوون کە نازانم بەتەواوەتی چەند ئەبوون. بەڵام ئەزانم

1- شوفێری لۆرییەکە ناوی نازانم.
2- خێزانی شوفێرەکە
3- منداڵێکی ساوا بەباوەشی خێزانی شوفێرەکە
4- پیرەمێردێک باوکی شوفێرەکە بوو
5- پیرەژنێک دایکی شوفێرەکە بوو
6- دوو کوڕی گەنج تەمەنیان بیست ساڵان ئەبوون پێموابیٚ برای شوفێرەکە بوون.

7- پیرەژنێک و پیرەمێردێک
8- خێزانێکی تر ژمارەیان نازانم چەند کەس ئەبوون.
9- چەند کەسی تر ...

ئەو کاتەی سواری لۆرییەکە بووین دەوروبەری کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ ئەبوو.شوفێرەکە و ژنەکە و منداڵە ساواکە و پیرەژن و پیرەمێردەکە لە پێشەوەی لۆرییەکە سوار بوون و دوو کوڕە گەنجەکەش لەسەر لۆرییەکە سوار بوون و ئێمەش هەموو لەدواوەی لۆرییەکە بووین. کاتێ لۆرییەکە کەوتە جووڵە.لەبری ئەوەی بەدەستی ڕاستدا با بداتەوە و بەرەو گەڕەکی تەعجیل بڕوات و لەوێشەوە بەرەو دەرەوەی شار،ئەو بەلای چەپدا سوڕایەوە و بەرەو لای مەحەتە و بەرەو گەڕەکی ئیسکان لێیخوڕی بۆ ئەوەی بچێت تایە سپێرەکەی هەڵبگرێت. شوفێرەکە سەرباری دووجار ئاگادارکردنەوەی من و جارێکیش کاک نەوزاد کەچی هەر بەڕای خۆی کرد و ئێمەی بەرەو ئیسکان برد.لەناکاوێکدا هەر پاش تێپەڕبوونمان لە دووڕیانی (عەدنان خەیروڵڵا) ی ئەوسا بە چرکەیەک.لۆرییەکە ئیستۆپێکی گەورەی گرت.

## کەوتنە ناو ئەڵقەی هێزەکانی (الحرس الجمهوری)

لەگەڵ ئەو ئیستۆپە گەورەیەی لۆرییەکە.گیزە گیزی گوللە بەبان سەرمان و دەنگی تەقەی بەرکەوتنی لۆرییەکە بە گوللە شڵەژاین.شۆفێرەکە لۆرییەکەی وەستان،هەوڵی گەڕانەوەی دا.گێڕەکەی دایە بەگ و دەستی بەلای ڕاستدا شکاندەوە و لۆرییەکە گەڕایەوە دواوە،بەڵام شوفێرەکە لەوە زیاتر نەیتوانی لۆرییەکە بجوڵێنێ.ئیستا لەوباوەڕەدام بۆیە نەیتوانی لۆرییەکە دوور بخاتەوە چونکە لەوانەیە هەر ئەو دەمە شوفێرەکە گیانی لەدەست دابێ. دوو کوڕە گەنجەکە یەکسەر بە پشتدا کەوتنە دواوەی لۆرییەکە. لۆرییەکە لە سێ لاوە دەستڕێژی لێئەکرا.لەم کاتەیا لەناو جەرگەی ئەو گوللەبارانەدا هیچم پێنەکرا ئەوە نەبێ هاوار بکەم و بڵێم تەقە بکەن...تەقە بکەن...تەقە بکەن. من کڵاشینکۆفەکەم بەرز کردەوە و لەسەر سەرمەوە کەوتمە تەقە کردن لەو حەرەس جمهوریانەی کەلە پەنا دیوارەکانی باڵەخانەی ئوتێل شیراتۆن و ئوتێل زەیتونە و باڵەخانەی یەکێتی کرێکاران بوون.کاک نەوزادیش میلی چەکەکەی ڕاکێشا و نازانم ئایا تەقەی کرد یان نا،لەو کاتەیا سەرێکم هەڵبڕی و بینیم سەربازێک RBG ی خستۆتە سەر شانی و لەناوەڕاست شەقامەکە دانیشتووە و وا سێرەمان لێئەگرێ. ئیتر زانیم تازە کارلەکار ترازاوە و هەر ئەوەندەم پێکرا هاوار بکەم خۆتان فڕێ بدەن...خۆتان فڕێ بدەن...کاتێکم زانی چوار دەورم ئاگرە.لەو چرکەیەدا ئەوەم هاتەوە یاد کە بەمنداڵی لە باوکم بیستبوو ئەیگووت "ئەگەر کەسێک لەناو ئاگر بێت و چاوەکانی بنوقێنێ و نەسووتێن،ئەوا نامرێ!" منیش چاوم نوقاند و دەستی ڕاستم درێژ کرد بۆ لێواری لۆرییەکە و تا بۆم کرا خۆم فڕێدا. لەوێدا لەترسی ئاگرەکە و مردن نە بەرزی لۆرییەکەم بەلاوە گرنگ بوو و نەترسیشم هەبوو لەوەی جێیەکم ئازاری پێبگات. لەگەڵ گەوتنە خوارەوەم کەهێشتا لە هەوادا بووم سوڕامە سەر تەنیشت و ڕێک کەوتمە سەر جادە قیرەکە.کەکەوتمە سەر جادەکە و ویستم هەستمەوە،دوو شتم بینی بەدەستەکانمەوە ،سەرەتا وام زانی عەلاگەی نایلۆنە و بەدەستەکانمەوە نووساون،بەڵام هەر زوو زانیم کە سووتاوم و ئەوە عەلاگەی نایلۆن نییە بەدەستەکانمەوە،بەڵکو ئەوە پێستی دەستەکانمە هاتوونەتە خوارەوە.تۆقینێکی لەڕادەبەدەر ڕوحی تەنیبووم و لەو چرکەساتەدا بێجگە لە مردن و سێبەری مەرگ هیچی ترم نەدەبینی.ئیتر هەستامەوە بێ ئەوەی بزانم جەمەدانییەکەی سەرم و نەعلەکانی پێم و کڵاشینکۆفەکەم چییان بەسەر هات، وە چونکە پێڵاوم لەپێ نەبوو بەهۆی بریندار بوونم لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکەی شاری هەولێر لە 11-03-1991 بۆیە بە پێی پەتی لە لۆرییەکە دوور کەوتمەوە.ڕامکردە پەنا دیوارێک و بینیم کاک نەوزاد و پیاوێک و منداڵێکیش لەوێن و ئەمە ئەو چوار دەرباز بووەی ناو لۆرییەکە بووین. لە کاک نەوزادم پرسی "نەوزاد ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟" ئەویش گووتی" تۆش هەموو گیانت سووتاوە" بۆ ساتێک لەوێ لەو پەنا دیوارە کە چرکەیەکمان لێبووبووە ڕۆژێک. دەنگی ڕەهێڵەی گوللەی دووژمن لەلایەک و فیزاح و گریان و هاواری ئەو مرۆڤانەی نێو

کورەی ئاگری لۆرییەکەش لەلایەکی تر،ورو گێژی کردبووم. لەوێدا ،لەو چرکە ساتە هەرە زەحمەت و قورسە منێکی سووتاو نەمئەزانی چی بکەم. لەو سەروبەندەیا هەریەک بەلایەکدا ڕۆیشتین و دوور کەوتینەوە لە شوێنی کارەساتەکە.
ناخۆشترین شتیش ئەوەیە کە مرۆڤ ملی ڕێگایەک بگرێتە بەر و نەزانی بەرەو کوێ ئەڕوات. لەو نێچیرە بەستەزمانە ئەچووم کە ڕاوکەرەکەی خۆی بۆ مەڵاس داوە و هاکا لەپڕێکدا پەلاری دا.

## دەرباز بوون و ڕاکردن

کە لە کاک نەوزاد جیا بوومەوە،بەتەنیشت خانووەکانی مەحەتەدا بەڕاکردن(بەڵام ڕاکردنێکی هێواش و بەشەلەشەل) هەوڵمدا دوور بکەومەوە.لەنزیک خانووەکانی مەحەتە کوڕێکی گەنجی تەمەن لەدەوروبەری بیست و پێنج ساڵانم تووش بوو.لێمپرسی"ئەرێ کاکە بۆ کوێ ئەڕۆی؟ ئەتوانی لەگەڵم بمێنیتەوە و پێکەوە دەربچین؟" کوڕە گەنجەکە گووتی" ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟" گووتم" ئێستا لەناو ئەو لۆرییە بووین و کەوتینە نێو ئەڵقەی کاردی کۆماری و هەموو سووتاین،بەس من و سێ کەسی تر دەرباز بووین" ئەویش گووتی" بەسەرچاو لەگەڵت ئەبم ،گوێی مەدەرێ برا،یان ئەبێ بکوژرێم یان قوتارت ئەکەم."بەڕاستی لەو کاتەیا منێکی سووتاو بێچەک ،خوێن لە پێیەکانمەوە ئەڕۆیشت و ئەو برینانەی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین کولابوونەوە. هەستم ئەکرد تا ئەهات بێهێز ئەبووم.تینووم ئەبوو.بەڵام ترسی مردن لەهەموو شتیک زیاتر زاڵ بوو بەسەرمدا. لەگەڵ ئەو کوڕە گەنجە(هەزار سڵاوی منی لێ بێ بۆ ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی) بەلای خانووەکانی مەحەتەدا ڕۆیشتین و بەنێو کۆڵان گەڕەکاگاندا تێپەڕین.کاتێک لەناو گەڕەکی عەرەب بووین و بەبەردەم خانوویەکدا ڕەت بووین.ئەو خانووە دەرگایەکی سپی دوودەری گەورەی هەبوو و لەناوەڕاستی دەرگا سپییە گەورەکە،دەرگایەکی بچووک هەبوو و لەسەر پشت بوو. لەدیوی ژوورەوە و لەپشتی دەرگاکەوە گەنجێک هاواری کرد توخوا یارمەتیم بدەن و بەجێم مەهێڵن.من و کوڕە گەنجەکە گەڕاینەوە سەری و بینیمان لەسەر دەم(سک) درێژ بووە و دەستی بە سکییەوەیەتی و خوێن لەبەری ئەڕوا و ناوسکی بەدەستەوەیە.منیش پێمگووت برا گیان زۆر حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم بەڵام من خۆم سووتاوم و بریندارم و کەسێکم ئەوێ یارمەتیم بدات. ئیتر ئەویش سەری خستە سەر زەوییەکە و لەو بڕوایە نیم توانیبێتی جارێکی تر سەری بەرز بکاتەوە.
لەگەڵ کوڕە گەنجەکە هەر بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن،لە لا کۆڵانێکی تردا پیرەمێردێکی عەرەبمان تووش بوو. کوڕە گەنجەکە گووتی" ئەرێ وەڵڵا ئەوە عەرەبێکە و ئێستا ئەیکوژم" منیش گووتم مەیکوژە بۆ ئەیکوژی. ئەویش گووتی" ئەها نابینی چییان بەسەرت هێناوە؟" منیش گووتم کاکە ئەوەی بەسەر من هاتووە ئەو کابرایە بەسەریدا نەهێناوم،بەڵکو ئەوە ڕژێمی بەعسە وای بەسەر هێناوم. گەنجەکە گووتی"ئینجا ئەی بەعس عەرەب نییە؟" گووتم بەڵێ عەرەبە،بەڵام ئەم کابرایە بێگوناهە،لەوانەیە کوڕی بزر بووبێ،یان هاتبێ مەیتی کوڕی یان برازای بباتەوە. وازی لێ بێنە،یان منیش ئەکوژی یان دەستی لێنادەی."ئیتر هەرچۆنێک بێت ئەو کوڕە گەنجەم قایل کرد واز لەو پیرەمێردە عەرەبە بهێنێ.کابرای عەرەب لەترسا ڕەنگی وەک پەلکە پیازی لێهاتبوو،کاتێ هێشتمان بڕوا لەخۆشیانا هەر دوعای بۆ ئەکردین. ئێمە لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین تا گەیشتینە سەر جادەی سی مەتری نێوان تەیراوە و گەڕەکی عەرەب. ئەو شوێنە قەرەباڵغ بوو،خەڵکی هەموو سەریان لێ شێوابوو،هەر کەس پەلەی بوو دەربازی بێ.لەگەڵ کوڕە گەنجەکە چاومان بە لاندکرۆزێکی سپی هێزەکانی ی ن ک کەوت و چوومە لایان تا داوای یارمەتیان لێبکەم.

## چەکدارانی ی ن ک و چەکدارانی شوراکانی خەڵک

لەسەر جادەکە لەناو شارەوە لاندکرۆزێکی سپی هات و بەئاراستەی خۆرئاوا ئەڕۆیی.لاندکرۆزەکە هێواشی کردەوە و لەناو ئەو قەرەباڵغییە دە تا پانزە نەفەرە وەستا. لاندکرۆزەرەکە نزیکەی شەش چەکداری تێدا بوو و لەسەر دەرگاکانی پێشەوەی لای شوفێرەکە وێنەی ئەستێرەیەکی سوور نەخشێنرابوو و بە بازنەیش لەدەوری ئەستێرەکە نووسرابوو"یەکێتی نیشتمانی کوردستان".ئێمە لە لاندکرۆزەکە نزیک بووینەوە و کەوتمە تکاو پاڕانەوە کە هەڵمان بگرن و لەگەڵ خۆیان بمانبەن بۆ دەرەوەی هەولێر،سایەقەکە گووتی "ناتوانین ،ئیشمان هەیە!"منیش زیاتر پاڕامەوە و گووتم " ئەگەر کوردی بیکەرە خاتری کوردایەتی،ئەگەر ئیسلامی بیکەرە خاتری خوا و ئەگەر مارکسیت بیکەرە خاتری مارکس بەس قوتارمان بکە و وا دەبابەکانی حکومەت دێنە ناو شار و سەعاتێکی تر نابات ئەکوژرێم" کابرا زۆر بێباکانە گووتی"لاچۆ کاکە ئیشی خۆمان هەیە' و هەڵیان نەگرتم.ئینجا یەک دوو خولەکی تر سەیارەیەکی بەرازیلی شین هات،دوو پیاوی چەکداری تێدا بوو.چەکدارە گەنجەکەی لەگەڵم بوو چووە پێشی سەیارەکە و بەرازیلییەکەی ڕاگرت. کوڕە گەنجەکە پرسیاری لێکردن بۆ کوێ ئەڕۆن؟ لەوەڵامدا گووتیان" بۆ دەرەوەی شار. گەنجەکە گووتی" زەحمەت نەبێ ئەم بریندارە لەگەڵ خۆتان ببەن.گووتیان باشە با سەرکەوێ.منیش زۆر سوپاسی کوڕە گەنجەکەم کرد و سوار بووم. هەر دوو-سێ خولەک لە هاژوژتن.نزیک بەمزگەوتی سپی،دوای ئەوەی دەنگی گوللە زۆر لە نزیکەوە ئەهات،ئەو دوو چەکدارە منیان داگرت و بەتەنیا لەو سەر جادەیە بەتەنها بەجێیان هێشتم. منیش ئاوڕێکم دایەوە و زانیم تازە کوڕە چەکدارە گەنجەکەشم لەدەست چوو. لەو ساتە وەختە نە پێناسەم هەبوو بۆ مەرگ و نەهیواشم هەبوو بەژیان.لەو ساتەیا ژمارەیەک چەکدارم بینی لە جادەکە ئەپەڕینەوە.منیش دەستێکم هەڵبڕی و هاوارم کرد"تکایە من بریندارم و بە جێم مەهێڵن و لەگەڵ خۆتان بمبەن.چەکدارەکان هەموو هاتن بۆ لام.لە نێویاندا بەڕێزان سەردار بابان و خالید و عەبدوڵای نەسیج و ئاسۆی حامیدی و شێروان هەولێری تێدا بوون. بە هۆی سووتانی دەست و قاچ و دەموچاومەوە کەسیان منیان نەناسییەوە.بەڵام من زۆربەیانم ئەناسی و بەناوی خۆیانەوە بانگیانم کرد و گووتم من (عەبدوڵا سلێمان)م ئەوە بۆ نامناسنەوە؟ کاک ئاسۆی حامیدی زۆر مەردانە منی کردە کۆڵی خۆی  و بردمیە ناو کۆڵانێکەوە.لەو کۆڵانەی گەڕەکی تەیراوە ماڵێک مابوون نەڕۆیشتبوون و دەرگایان لەسەر پشت بوو.کاک ئاسۆ منی بردە ژوورەوە و لەهەیوانی ئەو ماڵە دایانام و دەرزییەکی لێدام و جلەکانی لەبەر داکەندم و کە قەمسەڵە سەربازییەکە و شەرواڵە سووتاوەکەم بوون،من تراکسۆتێکم لە پێدا مایەوە لەگەڵ قەمیسێک. کاک ئاسۆ حامیدی سروودی ئەنتەرناسیناڵی ئەگووت و زۆر ورە بەرزانە بەسروودەوە بەجێی هێشتم و بەڵێنی دا ئەگەر بواری هەبێت بگەڕێتەوە بۆ لام و دەربازم بکات. ئینجا کاک ئاسۆ ڕۆیی و منی لە حەوشەی ئەو ماڵە بەجێ هێشت.

## ماڵێکی ئاوارەی کەرکووکی و ڕیسککردن بە ژیان

ئەو ماڵەی کاک ئاسۆی حامیدی منی تێدا بەجێهێشت، لە بەختی من مابوونەوە،ماڵێکی ئاوارەی کەرکووکی بوون و لەترسی زوڵم و ستەمی بەعس لە کەرکووکەوە هەڵهاتبوون و لە گەڕەکی تەیراوە گیرسابوونەوە. ئەو ماڵە لە چوار ئافرەت پێک هاتبوونکە ئەمانەن:

1- ڕووناک خان
2- سۆیلەخان
3- مامۆستا کەژاڵ
4- دایکی ڕووناک خان

بێجگە لەمانەش دوو ماڵی تریش هاتن بۆ ئەو ماڵە.یەکێکیان پیاوێکی پیر و ژنێکی گەنج و منداڵێکی ساوا بوون،ئەویتریشیان کوڕێکی گەنجی شەل بوو و خەڵکی گەڕەکی کوردستانی ئێستا و (حەی صەدام)ی ئاوسا بوو. بوونی من لەو ماڵە مایەی ترس بوو بۆیان. دەنگی تەقە تا دەهات نزیکتر ئەبۆوە و دەنگی خەڵکیش کەمتر ئەبیسترا.کاتژمێر بەرەو

چوار و نیوی دوای نیوەڕۆ ئەڕۆیی. ئەو ڕۆژە هەرچەند خۆرەتاویش بوو،بەڵام من هەستم بە هەتاو نەکرد و خۆر زۆر زووش ئاوا بوو.ترس سەرتاپای جەستە و ڕوحی تەنیبووین. دایکی ڕووناک خان دیار بوو زۆر ئەترسا و حەقیشی بوو،کەوتە ڕاوێژ لەگەڵ کەژاڵی خوشکی و کچەکان،گووتی با ئەم کوڕە ببەینە ژێر قادڵمەکە و ئەگەر هاتنە سەرمان ئەڵێین ئێمە ئەم کوڕە ناناسین و خۆی لەسەربانەوە هاتووە. من کە گوێم لەو قسەیە بوو،گووتم خوشکم من نامەوێ بەهۆی منەوە تووشی ئەزیەت و ئازار ببن یان بکوژرێن،من ئەڕۆم،سوپاستان ئەکەم.کەوام گووت،دایکی ڕووناک خان پێی ناخۆش بوو و کەژاڵیش گووتی بەخوا ناڕۆی بۆ هیچ شوێنێک لەگەڵ ئێمە ئەمێنیتەوە.ژیانت لەگەڵ ژیانی ئێمەیە.من ئەو قسەیەم زۆر پێخۆش بوو،چونکە هەستم کرد من لە شوێنێکم لەناو کۆمەڵێ مرۆڤم،هەستم کرد لە ماڵێکی میهرەبان دام. ترسی مردنیش بۆ لەحزەیەک چییە لێم جوێ نەئەبۆوە. لەگەڵ گەیشتنی تەقە بۆ ناو کۆڵانەکە،ئێمە بەپەلە هەموو چووینە ژوورەوە و دەرگای حەوشەمان داخست و دەرگای تاقە ژوورەکەی ئەو ماڵەشمان گرت بەڵام تەواو دامان نەخست.ئەویش لێهاتوویی دایکی ڕووناک خان بوو وەک ئیحتیاتێک بۆ ئەوەی ئەگەر شەو چووینە دەرەوە دەنگی دەرگا کردنەوە و دەرگا داخستن نەیەت.من دوواتر کە بیرم لە حیکمەتی ئەو دەرگا دانەخستنە ئەکردەوە کە بووە هۆی نەجاتبوونمان لە مردنی مسۆگەر، بیرکردنەوەکەم ئەچووە سەر ئەوەی کە هەندێ جار ڕێکەوت چەند جوانە وەختێ ئەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ژیان و چەندیش ناشیرینە کە ئەبێتە هۆی مەرگ. من تا دەهات وەزعم زیاتر تێک ئەچوو،خوێنم کەمتر لێئەڕۆیی بەڵام ئاوم زیاتر لەلەش ئەهاتە دەرەوە بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە سووتابوون،دەموچاوم ئاوسان و تینویەتی و برسێتیش فشاریان بۆ هێنابووم. کە لەژوورەوە بووین ئیتر هیچ گومانێکمان نەما لەوەی کە سوپای ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس لەناو شارن و تەنانەت گوێمان لەقسەکردن بەزمانی عەرەبیش بوو.

من نازانم ئەو شەوە ئەو خەڵکەی لەو ماڵەیا بوو چەند ئەترسان و چ هیوایەکیان بە ژیان مابوو،بەڵام من خۆم لەچاوەڕوانی گرتن و کوشتندا بووم. هەموو دڵمان لەناو مستمان بوو کەئاخۆ چ چرکەیەک دەرگای حەوشە ئەشکێنن و دێنە ژوورەوە و ئەبینە خۆراکی مەرگ. من دڵنیام خوێنەری هێژا کاتێ ئەم دێرانەی من ئەخوێنێتەوە هەستێک لەناخیا پێی ئەڵێ مەشخەڵ بە چرکەساتی سەختدا تێپەڕیوە.ئەوە ڕاستە بەو چرکەساتانەدا تێپەڕیووم کە هیچ وشەیەک لەزمانی کوردیدا ناتوانێ پڕ بەپێستی ئەو هەستە بێت کەمرۆڤێک لە چاوەڕوانی مەرگێکی ئانوسات دایە. پراکتیک کردنی ئەو ترسە کە هیوادارم هیچ مرۆڤێک لەسەر ئەم گۆێ زەوییە دووچاری نەبێت،هێندە تاڵە کە زۆربەی جار مرۆڤ چەند بە هێزیش بێت ئەیڕوخێنێت. بەهەرحاڵ ئێمە لە ژوورەوە بووین و زەمەنیش زۆر لەسەرخۆی ئەڕۆیشت.

ئەو ئێوارەیە کەس هیچی نەخوارد.نە چا، نەجگەرە، نەنان، نە ئاو. هەموو لەژوورەوە مەرگ ئەیخوێندینەوە. ئێستا ئیتر دونیا تەواو تاریک ببوو.هاتوچۆی سەربازانی سوپای عێراقی داگیرکەر لە کۆڵانەکە بەجوانی هەستی پێئەکرا،جا بۆ ئەوەی نەزانرێ ئێمە لە ژوورەوەین، جووڵەمان لەخۆمان بڕیبوو. خۆشبەختانە ئەو شەوە ئەو منداڵە ساوایەی لەباوەشی ژنە جاحێڵەکە بوو تا سبەینێ دەنگی لێوە نەهات.دیار بوو لەخەوێکی زۆر قوڵدا خەونی بە گەورەیی و ئازادی و ژیانێکی جوانەوە ئەبینی.ئەگەر ئەو منداڵە ئێستا لە ژیان ئەبێت ئەوا تەمەنی نۆزدە بەهارە.

ئێمە بەچرپەوە لەگەڵ یەکتر ئەدواین.من لەبەر ئەوەی زۆر دڵنیا بووم کە دێنە ئەو ماڵە و ئەگیرێم و ئەشکوژرێم،بۆیە ناوونیشانی خۆم هەڵدا و گووتم ناوم عەبدوڵا سلێمانە ،خەڵکی شاری کەرکووکم و ماڵم لە خانووەکانی کارگەی نەسیجە و ماڵومنداڵم هەیە و تکایە ئەگەر گیرام یان کوژرام خەبەری من بگەێنن بە ماڵەوەم و بەناوی منەوە پێشیان بڵێن کە سوپاستان بکەن لەبەرامبەر ئەو چاکەیەی ئێوەدا. دایکی ڕووناک خان ئەیگووت نەبەخوا کەسمان بەسەلامەتی دەرناچین. هەمووومان تیا ئەچین.پیاوە پیرەکەش ئەیگووت "خوا کەریمە و هەر لەخوا ئەپاڕایەوە". شەو ڕادەشکا و دەنگی بە پێلەقە کوتانی دەرگاکان دڵی هەمووومانی داخورپاند.لەگەڵ چوونە ژوورەوەیان دەنگی دەستڕێژی گوللە ئەهات و فیزاحی ژن و منداڵ ئەهاتە گوێ. وام لەمێشکی خۆم لێکدایەوە کە ژنەکە و منداڵەکانیان کوشت و هاڕەی گوللە و دەنگی شکانی شووشە و جامخانە و ئاوێنەی کەنتۆر تێکەڵی یەکتر ببوون.نزیکەی پێنج خولەک دوواتر دیسانەوە دەنگی دەرگا و دەستڕێژو گوللە و

هاڕەی شکانی شووشە تێکەڵ یەکتر بوون و فیزاحی ژن و منداڵ بەرز بۆوە و ئینجا بۆ هەمیشە خامۆش بوون. ئیتر کە بۆ دووەمجار ئەو دەنگانەمان بیست، گومانمان لەوە نەما کە سوپای دڕندەی بەعس دەست ناپارێزن و ئەوەی گیانلەبەر و زیندوو بێت ئەیکوژن.
لێرە بەدواوە ترسی ئێمە زیادی کرد و ئەمانگووت ئیستا نۆرەی ئێمەیە. ئەمانزانی لەهەر چرکەیەکدا بێت دێنە ژوورەوە. بۆیە هەموو چوار پەلمان شکابوو.لەو مەڕە بەستەزمانە ئەچووین کەبە بینینی چەقۆی دەستی قەسابەکە چوار پەلی ئەشکێ.ئەوە بوو لە چاوەڕوانی خەریک بوو دڵمان ئەتەقی. دایکی ڕووناک خان دۆشەکێکی پەڕۆی بۆ ڕاخستم و سەرینێکی کوردیشی بۆ هێنام. هەموو نیو کاتژمێری نەبرد سەرینەکە تەڕ تەڕ بوو بەهۆی ئەو ئاوەی لە دەستەکانم و پێیەکانم و دەموچاوم ئەهات. من پێشتر برینی سووتانم نەبینیبوو،بۆیە نەمئەزانی ئەم هەموو ئاوە چییە لەلەشمەوە دێتە دەرەوە و تینوێتیشم تا دەهات تەنگی پێ هەڵئەچینم. لەوەش سەیرتر هەستم ئەکرد چاوەکانم کز ئەبن بێ ئەوەی بزانم بۆ. توانای جوڵەشم کەم بوبۆوە و لەسەر دۆشەکە پەڕۆکە درێژ ببووم. سەعات بەرەو هەشت و نۆی ئێوارە ئەڕۆیی. برسێتی و تینوێتی کاری خۆیان لێکردبووم. ئەوانی تریش بەهەمان ئەندازەی من برسی و تینوو بوون.بەڵام بەحوکمی ئەو هەموو ئاوە زۆرەی لەبەرم ئەڕۆیشت، من زیاتر لەفەلاکەت بووم. بۆ جاری سێیەم دەنگی کوتانی دەرگا و دەستڕێژ و دەنگی هاڕەی هاتنە خوارەوە و شکانی شووشە دڵی ڕاچڵەکاندین. ئینجا ئەو پرسیارەمان لا دروست بوو.ئەوە چۆنە ئەو ماڵانەی تر ماونەتەوە و چۆنە نەچوونەتە دەرەوەی شار؟ تۆ بڵێی ئەوانیش وەکو ئێمە گیریان خواردبێ؟. ئێمە وامان ئەزانی تاقە ماڵین ماوین و نەڕۆیشتووین.بەلام وا نەبوو. دەرکەوت هەر لەو کۆڵانەی گەڕەکی تەیراوە چەند ماڵێکی تریش ماون.
تێگەیشتن لەدەرەوە" ماڵ و کۆڵان و شار" لە گۆشەنیگای ژوورێکی قەرەباڵغ و تاریکەوە زۆر ئەستەمە. ئاخر زۆر سەختە مرۆڤ لەو بارودۆخە دژوارەدا بژێت و ئاسۆی بیرکردنەوەشی ڕەش نەبێت.بۆیە هەموو بەناچاری خۆمان تەسلیمی قەدەر کرد.ئەگەر قەدەر وشەیەکی گونجاو بێت بۆ ئەو بارودۆخە. ئێمە هەموو لەبەردەم چاوەڕوانییەکی ڕەشدا بووین، داهاتوویەکی تاریکی ڕەشمان لەبەردەمدا بوو. بێیەوەی بتوانین هیچ بکەین و هیچ بڵێین. لەهەمان کاتیشدا ترسێکی تریشم هەبوو لەوەی کەئەگەر بگیرێم بمبەنەوە بۆ ماڵەکەی خۆم و تەفتیشی بکەن ئەوا کتێبخانەکەم پڕ بوو لە قاچاخ – دیارە قاچاخ بە دید و بۆچوونی بەعس – من ئەو کات ئەرشیفی کۆمیتەی هەولێری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و هەروەها ئەرشیفی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستم لا بوو ئەمە بێجگە لەوەی ماڵەکە قۆنداغە تفەنگ، مەخزەنی بەتاڵ، شتی تریشی لێبوو. کلیلی دەرگای کتێبخانەکەشم پێبوو و لەگیرفانمدا بوو. لەگەڵ چل دینار و نفوسەکەم(هوية الاحوال المدنية ).
چاوەڕوانی تا دەهات زیاتر ئێمەی لەگەڵ خۆی ڕائەپێچایە بەردەم بیرکردنەوەی بێئومێدتر. من تینوێتی لە پەلوپۆی خستبووم.لەناکاو زرمە لەدەرگای حەوشەی ئەو ماڵەی لێیبووین هەڵسا.هەموو تۆقین.دەرگاکەیان شکاند هاتنە ژوورەوە. من پێموایە ئەوەی هاتە ژوورەوە یەک کەس بوو.هاتە حەوشە و لەسەرەخۆ ئەهاتە پێشەوە و هاواری ئەکرد"اهل البيت منو موجود. منو موجود بالبيت؟ "ئێمەش نقەمان لەخۆمان بڕیبوو.هاتە هەیوانەکە و تەنانەت بەخشپەی پێی هەستمان کرد هاتە تەنیشت دەرگاکەوە. پێمەش بەو پێیەی دەنگمان لێوە نەئەهات و ژوورەکەش تاریک بوو و دەرگاکاش دانەخرابوو، سەربازەکە گەڕایەوە و چووە دەرەوە.من دوواتر لیکدانەوەم بۆ هەڵوێستی ئەو شەوەی ئەو سەربازە ئەوە بوو کە ترسا دەرگاکە بخاتە سەر پشت لەوەی نەوەک کەسانێکی چەکدار لەو ژوورە بن و بیکوژن.بۆیە ڕۆیشتە دەرەوە. ئەمە ئەزموونێک و تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو. تاقیکردنەوەیەک کە ژیانی هەموان لەسەر دەنگێک ،نووزەیەک،کۆخەیەک وەستابوو.
بە چوونە دەرەوەی سەربازەکە ئاهێکمان هاتەوە بەر.بەڵام ئەمە کۆتایی ترس نەبوو،چونکە دەنگی تەقە و گیزەی گوللە بەردەوام دەهات. شەو تا دەهات زیاتر ڕادەکشا و ئێمەش بێئەوەی خەو بچێتە چاومان لەچاوەڕوانی کارەساتێک بووین.
لەگەڵ ئەوەشدا من تا دەهات تینوێتی زیاتر تەنگی پێهەڵدەچنیم. هەستیشم ئەکرد خولەک لەدووای خولەک بێتاقەتتر ئەبووم و تەنانەت نەمئەتوانی خۆم بەدانیشتنەوە بگرم. لەسەر پشت لەسەر دۆشەکە لۆکەکە درێژ بووبووم. ئەگەر کەسەکانی تر،ئەوانەی لەگەڵ من لەژوورەکەدا بوون تەنها ترس ئۆقرەی لێبڕیبوون،ئەوا من ترس و ئازارێکی لەڕادەبەدەر

هەناسەی پێتەنگ کردبووم. ئازاری سووتان،ئازارێکی بێئەندازە تیژ و توندە کە وەسفکردنی ئاسان نییە. من لەو ژوورە و لەو بارودۆخە ئەبوایە نقەم لێوە نەهاتایە و تا کار گەیشتە ئەوەی لە تینوانا خەریک بوو ئەخنکام. داوای ئاوم کرد،بەڵام ئاو لە ژوورەکە نەبوو و کەسیش جورئەتی ئەوەی نەئەکرد بەو شەوە بچێتە دەرەوە و ژیانی خۆی و ئێمەش بخاتە مەترسییەوە.ئیتر وەڵامی ئەوان ئەوە بوو کە ئاومان لا نییە و بۆری حەوشە و تەنکی ئاوەکە کەوتبۆوە نزیک دەرگای حەوشەوە. منیش بەناچاری بێدەنگ بووم و دیسانەوە لەچاوەڕوانیدا هەموو بەبێدەنگی لەسیمای تۆقیوی یەکترمان ئەڕوانی و هەر بە چاو لەگەڵ یەکتر ئەدواین و سکاڵامان بۆ یەکتر ئەکرد. بەڵام ئەم سکاڵا کردنەش لە خولەکێک زیاتری ئەدەخایاند و دەچووینەوە نێو ئەو بێهیواییەی کەباڵی کێشابوو بەسەرماندا.

سەیر لەوەدابوو ئەو شەوە نە دەنگی وەڕینی سەگ ئەهات،نە زەڕینی کەر. نە پشیلە ئەیمیاواند .ئەتگووت لەشارێکداین زیندەوەری تێدا نییە.بێجگە لە فڕوهۆڕی سەیارەکانی سەربازی ڕژێمی بەعس هیچی تر نەئەبیسترا..ئیستا کاتژمێر لە دوانزەی شەو تێپەڕی و ئیتر هەموو ئومێدمان بە سبەینێوە گرێدا، چونکە لەدوای سەعات دوانزەی شەوەوە دەنگ تەنها تەقە و جاربەجار دەنگی تەقینەوەیەکیش لەدوورەوە ئەهات.کە لەدەنگی خومپارە ئەچوو،ئیتر هیچی ترمان نەئەبیست. هەرچی منیش بووم سەعات لەدوای سەعات شەکەتتر ئەبووم و ئازارم زیاتر ئەبوو و تینوێتیش تا دەهات زیاتر بڕستی لێئەبڕیم. دایکی ڕووناک کە ئافرەتێکی ژیر و بەڕێز بوو پێی گووتم ئیستراحەتی خۆت لەسەر ئەو دۆشەکە وەربگرە و ئەگەر میزت هات یان هەرچییەکی تر گوێی مەدەرێ و ئێمە دوایی دۆشەکەکە چارەسەر ئەکەین. دیسانەوە کەوتمەوە داواکردنی ئاو.ئەو بالیفەی لەژێر دەستیان دانابووم تەڕ بوو و لایان برد و سەرینێکی تریان بۆ هێنام. ئەم ئاو لێڕۆیشتنە وشکی کردبوومەوە بۆیە تکام لێیان کرد کە تۆزێ ئاوم بدەنێ و پێمگووتن وا لە تینوانا ئەخنکێم. ئەوانیش بەهەمان ڕیتمی جاری پێشوو لەپێناو سەلامەتی هەموو لایەک داواکەیان ڕەت کردمەوە و داواشیان لێکردم کە دان بەخۆمدا بگرم و هەر چەند سەعاتێکی ترە ڕۆژ هەڵدێ و ئەوسا تێر ئاو ئەخۆمەوە. بەڵام من هێندەم بڕست لێبڕابوو، کە نەمئەتوانی لەوە زیاتر بەرگەی ئەو تینوێتییە بگرم و تکام لێکردن کە ئەگەر میزیان هەیە بمدەنێ تا بیخۆمەوە چونکە وا ئەمرم. لێرەدا هەستیان کرد وەزعم زۆر خراپە. هەموو غەمبار بوون.لە ناکاودا یەکێک لەکچەکان لەیادم نەماوە نازانم سۆیلە خان بوو یان ڕووناک خان بوو گووتی من ئەڕۆم ئاوی بۆ دێنم. گووتیان ئەوە شێت بووی یان خوا ئەجەلی هێناوی؟ دانیشە و ئێمەش تووشی گرفتاری مەکە.ئێستا بزانن ئێمە لە ژوورەوەین، دێن هەموومان ڕەمی ئەکەن. هەرچی کچەکە بوو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بچێ ئاو بێنێ و گووتی" بەهێواشی ئەڕۆم و لەسەر سک ئەخشێم بۆ ئەوەی کەس هەستم پێئەکات. هەرچۆنێک بوو ئەو کچە لەدرزی دەرگاکەی ژوورەوەوە چووە دەرێ و ئێمەش هەموو دڵمان لەناو مستمان بوو. نازانم بەتەواوەتی چەندی پێچوو، کە گەڕایەوە مەسینەیەک پڕ لەئاوی هێنا. هەر کە لوولەی مەسینەکەیان گەیاندە دەمم و ئاوم خواردەوە یەکسەر بەلادا هاتم و ئاگام لە دونیا نەما. ئەم بوورانەوە و لەهۆش خۆچوونە نازانم چەندی خایاند ،بەڵام کە بەئاگا هاتمەوە و ویستم چاو بکەمەوە،. کەچی نەمتوانی. گووتم ئەوە چییە کوێر بوومە.چاوم نابینێ.گووتیان هیچ نییە و خوا ڕەحمت پێبکات،تۆ ئارامبە جارێ با بزانین تا بەیانی نەبێتەوە هیچ نازانین. ئیتر خەمی کوێر بوونی چاوەکانیشمی هات بەسەردا. من لەو ساتانەدا کەوتمە بیرکردنەوە لە ڕابردوو،لەژیانی ئازادی، لەڕووخانی بەعس و گەڕانەوەی بەعس و منداڵەکانم و هاوڕێکانم و کەسوکارم. لە وتوێژی نێوان دایکی ڕووناک و مامۆستا کەژاڵ حاڵی بووم کە سەعات دەوروبەری پێنجی بەیانییە.دایکی ڕووناک گووتی من بەئاسپایی ئەچمە دەرەوە بزانم هەواڵ چییە. ئەوە بوو ڕۆیی و دەرگای حەوشەی ترازاندبوو،یەکسەر سەربازانی حەرەس جمهوری پێیان گووتبوو ماڵتان تەفتیش کراوە؟ ئەویش گووتبووی بەڵێ.ئیتر پێیان گووتبوو دەباشە پەڕۆیەکی سپی لە دەرگاکە ببەستە و برۆ ژوورەوە. دایکی ڕووناکیش فۆتەکە سپییەکەی سەری لە دەرگاکە ئەپێچی و گەڕایەوە ژوورەوەو ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاندین. لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە ئاهێکمان بەدڵدا هات. بەڵام ترسیش هەر بەردەوام بوو. من بۆ خۆم تروسکەیەک ڕووناکیم بەدڵدا هات،بەڵام چاوەکانم تروسکاییان تێدا نەمابوو. دیسانەوە کەوتینەوە چاوەڕوانی. پاش ماوەیەک چووە دەرەوە و هاتەوە ژوورەوە و لەگەڵ کچەکانی و کەژاڵی خوشکی

کەوتنە قسەکردن. بەگوێرەی قسەکانیان دەرکەوت کە سەعات بەرەو حەوتی بەیانی ئەڕوات و دونیا تەواو ڕووناک بۆتەوە و خەڵکیان بینیوە لە کۆڵان.منیش هێڵێکی ڕووناکیم لەچاوەکانمەوە دەبینی و دوای ماوەیەک ئەو هێڵە ڕووناکییە گەورەتر بوو و هەستم کرد چاوەکانم وا ئەکرێنەوە. دوای کرانەوەی چاوەکانم زۆرم بۆ خۆم هێنا و بەهەر شێوەیەک بوو هەستامە سەرپێ و لەو ئاوێنەیەم ڕوانی کە لە ژوورەکەی ماڵی دایکی ڕووناک بە دیوارەوە هەڵواسرابوو.ئەی خوا چی ببینم.سەر و دەموچاوی خۆم بینی بێئەوەی خۆم بناسمەوە.کەللەسەرم هێندە ئەستوور ببوو بەڕادەیەکی وا کە خەریک بوو ئەتاسام. بە هێواشی دانیشتمەوە.زۆر غەمبارانە کەوتمە نێو لێکدانەوە و خەیاڵاتەوە، مامۆستا کەژاڵ گووتی کاک عەبدوڵا گوێی مەدەرێ ئینشاڵڵا چاک ئەبیتەوە و سەرت بۆیە ئاوساوە هی سووتانەکەیە و چاک ئەبیتەوە. ئێ خۆ منیش هیچ چارەیەکی ترم نەبوو جگە لەوەی چاوەڕوانی ئەوە بووم بزانم وەزعەکە چی بەسەر دێت.

ئەمجارە باش لەیادم نییە سۆیلەخان بوو یان دایکی بوو  کە ئەچێتە حەوشە و لەوێشوە دەرگای حەوشە ئەترازێنێ، دراوسێیەکی خۆیان ئەبینێت و پێی ئەڵێ کە حکومەت لێبووردنی دەرکردووە و ئیتر کەس ناگرن. ئەم هەواڵە خۆشە فێنکایی خستە دڵ و دەروونمان.بەڵام بۆ من مەسەلەکە کەلە دیدگایەکی ترەوە بۆم ئەڕوانی بەو جۆرە نەبوو.من لام ڕوون بوو حکومەت لەو ڕۆژەدا بڕیاری لێبوردنەکەی لەبەرچاوی کاڵی خەڵکی کوردستان نەبووە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من متمانەم نە بەڕژێم و نە بە بڕیارەکانی نەبوو. هەوڵیشم ئەدا سوودی لێببینم. بەبیستنی ئەم هەواڵە هاوکێشەی ژیانمان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ئەمجا لەبری ئەوەی چاوەڕوانی مردنی حەتمی بکەین،ئومێدمان بەژیان پەیدا کرد و لە هەوڵی ئەوە دابووین ململانێیەکی توند بکەین لەپێناو مانەوە و ژیان.

ئەو کوڕە گەنجە شەلەی کەبەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە،هەر دوای بیستنی ئەو هەواڵی لێبوردنی گشتییە،بڕیاریدا ئەو ماڵە جێبهێڵێ و بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆیان لەگەڕەکی ( حەی عومال).منیش ئەو هەلەم قۆستەوە و تکا و داوام لێکرد مادام ئەڕواتەوە بۆ حەی عومال ناوونیشانی یەک دوو ماڵی خزمم بۆ هەڵدا،کوڕەگەنجەکە یەکێک لە خزمەکانمی ئەناسی، بەڵێنی پێدام کە ئەچێت بۆ ئەو ماڵی خزمەم و ئەگەر لەماڵ بن هەواڵی منیان پێئەدا. ئەوە بوو کوڕە گەنجەکە ماڵئاوایی کرد و ڕۆیی. دوابەدوای ئەویش هەریەک لە پیرەمێردەکە و ئافرەتە گەنجەکەی دایکی منداڵە ساواکە ڕۆیشتن.جا ئەوەی مایەوە من و دایکی ڕووناک و سۆیلەخان و ڕووناک خان و مامۆستا کەژاڵماینەوە.

ئەو سبەینێیە چایان لێنا و دوو پاروو نانم خوارد.ناشمەوی ئەوەم لەیاد بچێت کە ئەمزانی ئاوێکی زۆرم لەلەش دەرچووە،بۆیە ئاوم زۆر ئەخواردەوە بۆ ئەوەی بتوانم ڕێژەی ئاو لەلەشم ڕابگرم. و ئەو خانمە بەڕێزەی دایکی ڕووناک ئەوەندە کۆمەکی کردم کەئەگەر خوشکی خۆشم بوایە هەر ئەوەندەی بۆ ئەکردم. دایکی ڕووناک پێیگووتم "کاک عەبدوڵا من وەک خوشکێکت ئامادەم چا ئەکەم بەدەمتا، خواردنت بۆ ئامادە ئەکەم و پاروو پاروو ئەیکەم بە دەمتەوە،جگەرەت بۆ دائەگیرسێنم و هەر پێویستییەکی ترت هەبێ بەسەرچاو تەنها و تەنها لە مەسەلەی دەست بەئاو گەیاندن داوای لێبووردنت لێئەکەم ئەوەش نا شەرعییەو بۆ من جایز نییە. بەڵام گرنگ نییە دۆشەکەکان پیس بکە و ئێمە ئەیانگۆڕین و پاکیان ئەکەینەوە. ئەم هەڵوێستە مەرد و مرۆڤانەیەم هەرگیز لەیاد ناچێت و هەزار سڵاو لەو هەڵوێستە مرۆییەت ئەی دایکی ڕووناک،ئەی خوشکی بەڕێز.

کات وردە وردە تێئەپەڕی و بڕیاریان دا لە مەتبەخی خانووەکەیان کە ژوورێکی بچووک بوو لای خوارەوەی حەوشەکە جێگایەکم بۆ چاک بکەن. ئەوە بوو دەمەو نیوەڕۆ منیان گواستەوە مەتبەخەکە. گواستنەوەی من بۆ مەتبەخەکە ئەو سوودەی هەبوو ئەوان کە هەموو ئافرەت بوون ئیتر ئەیانتوانی ئیستراحەتی تەواوی خۆیان وەربگرن و هەم ئەشیان توانی پێشوازی هەر کەسێک بکەن بێئەوەی من ببیندرێم. دایکی ڕووناک بۆ نیوەڕۆ شۆربایەکی دروست کرد و قاپێک لەو شۆربایەی بۆ هێنام و پێیدام کە بووە هۆی بووژاندنەوەم. بۆ دوای نیوەڕۆ، مامۆستا کەژاڵ بەحوکمی ئەوەی دەورەی فریاکەوتنی سەرەتایی (ئیسعافات ئەوەلییە)ی بینیبوو ،هەندێک شارەزایی هەبوو لە تیمارکردنی برین . بۆیە کەوتە تیماکردنی برینەکەی پێم.سەرەتا بەئاوی شلەتێن پاکی کردەوە و ئینجا نازانم سپرتۆ بوو یان چیتر بوو لێیدا و بەلەفاف بۆی پێچام.

**ماموٚستا کەژاڵ چووە دەرەوە و منیش زۆر ماندوو بووم و حەزم ئەکرد سەرخەوێک بشکێنم.هەرچەندم کرد وکۆشام لەبەر ئازاری زۆری لەشم و دەستەکانم نەمتوانی چاو گەرم بکەم.دەمەو عەسر بوو دایکی ڕووناک و سۆیلە و ڕووناک و ماموٚستا کەژاڵ لەهەیوانەکە دانیشتبوون و منیش لەسەر جێگا تازەکەم لە مەتبەخەکە لەسەر تەنیشت ڕاکشابووم و لەو خێزانە دەستکورت و پاک و مرۆڤدۆستەم ئەڕوانی،لەناکاودا بینیم هەر چواریان بەپەشۆکاوییەوە هەستانە سەر پێ و بەترسەوە بەزمانی عەرەبی فەرموویان کرد. ئەفسەرێکی حەرەس جمهوری هاتە ژوورەوە.ئەفسەرەکە گووتی (مەترسن..مەترسن..هیچ نییە. ئەوە بۆ شڵەژان؟) ئەفسەرەکە تەنیشتی لە دەرگای مەتبەخەکە و من بوو.ئەفسەرەکە دوو سێ کەسی تری لەگەڵ بوو و ئەوان لە ناو حەوشەکە ڕاوەستابوون.یەکیک لە کچەکان سۆیلەخان بوو یان ڕووناک خان بوو بە ڕاکردن هاتە مەتبەخەکە و دەرگاکەی لەدیو ژوورەوە شیش دا(سورگی دا). دوای ماوەیەک دایکی ڕووناک هات لەدەرگای داو دەرگا کرایەوە.دایکی ڕووناک گووتی" ئەفسەرەکە پێیگووتم ئێوارە دێینەوە و خواردنمان بۆ دروست بکە."هەروەها پرسی بۆ ئەو کچە ڕایکردە ئەو غورفەیەوە.گووتی ئێمەش گوتمان ئێوارە خواردنتان بۆ دروست ئەکەین و خۆشحاڵ ئەبین بێن نان بخۆن لەگەڵمان و ئەو کچەش بۆیە چووە مەتبەخەکەوە چونکە ترسا. ئەفسەرەکەش ئەڵێ" نا..نا.. مەترسێن لێمان.ئێمە دەستتان لێنادەین" ئەفسەرەکە و سەربازەکان ئەڕۆن گوایە ئێوارە دێنەوە بۆ نانخواردن. دایکی ڕووناک ترسی ئەوەی لێنیشت ئەگەر ئێوارە بێنەوە چی بکەین و ئەگەر کاک عەبدوڵا ببینن لێرە چیمان لێئەکەن؟ ئەم هاتنەی ئەو ئەفسەر و سەربازانە دووبارە ئاووهەوای ماڵی دایکی ڕووناک خانی و منی شڵەژاند. بۆیە بڕیاریان دا خواردنێکی سادە لێبنێنن و پێیان بڵێن کە دەستیان کورتە و بێ دەرامەتن لەوە زیاتریان بۆ ناکرێ.وە دەرگای مەتبەخەکەش بگرن و تا بکرێ نەهێڵن من ببیندرێم. بۆ ئێوارێ بەپێی ئەو پیلانەی دامان نابوو،دەرگای مەتبەخەکەیان گرت و خواردنێکی هاکەزاییان لێنا.چاوەڕوان بوون ئاخۆ کەی ئەفسەر و سەربازەکان دێن بۆ نان خواردن. مەغریب تێپەڕی و جەنابی ئەفسەر و سەربازەکان دیار نەبوون. بووە عیشا و هەر دیار نەبوون. دوای عیشاش هەر دەرنەکەوتن. ئیتر دایکی ڕووناک هات هەندێ خواردنی پێدام و ئاوی لەتەنیشت دانام وجگەرەیەکی بۆ داگیرساندم و ئەوسا ماڵی دایکی ڕووناک خان چوون بنوون و پێیان گووتم کە هەر چییەکم ویست بانگی دایکی ڕووناک خان بکەم. ئەو شەوە هەرچۆنێک بوو درەنگانێ سەعاتێ یان دوو سەعات نووستم. بەیانییەکەی زوو بەخەبەر هاتم. دایکی ڕووناک بۆ نوێژکردن هەستا و هاتە لام و پرسی هیچم ناوێ. منیش داوای ئاوم کرد و ئەویش ئاوەکەی کرد بەدەممدا و جگەرەیەکیشی بۆ داگیرساندم و ئەوسا ڕۆیی بەلای کاری خۆیەوە.**

**ڕۆژی** 1991-04-02**کە دونیا ڕووناک بۆوە، ماڵی دایکی ڕووناک هەستان لەخەو و چوونە دەرەوە تا بزانن چییە،تەماشایان کرد دوو سێ ماڵ لە گەڕەکەکەیان گەڕاونەتەوە و نیمچە ئاوەدانییەک پەیدا بۆتەوە. هەواڵیان هێنا گووتیان شەڕێکی قورس ڕوویداوە لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لەلای مەسیف سەلاحەدین. ئەم جموجۆڵەی گەڕەک بووە مایەی بەهێزبوونی هیوا بە ژیان.بەڵام هێشتا چارەنووسی من نەئەزانرا بە کوێ ئەگات. خۆزگەم ئەخواست منیش هەر یەکەم ڕۆژ یان زووتر دەربچومایە و ئێستا لەدەرەوەی شار بوومایە.بەڵام خۆزگە چی ئەگەیێنی جگە لە خەم و ژانی زیاتر. بۆ نیوەڕۆکەی شتێک نانمان خوارد و ئینجا ماموٚستا کەژاڵ هات و کەوتەوە تیمارکردنی برینەکانی پێم.ئەوە لەفافە کۆنەکانی لێکردەوە و مەڵحەمی لێدا و لەفافی سپی تازەی لێ بەستا و کە قاچی چەپم تەواو بوو،ویستی تیماری قاچی ڕاستم بکات،لەدەرگا درا. دایکی ڕووناک هات گووتی خزمێکتان هاتووە و ئەیەوێ بتباتەوە بۆ ماڵی خۆیان.کاتێکم زانی ئەو خزمەم حاجی وەلی ئامۆزازامە هاتووە بە سۆراخمەوە بۆ ئەوەی بمباتەوە بۆ ماڵەوە،لێم پرسی حاجی چۆن زانیت لێرەم، لەوەڵامەکەیا بۆم دەرکەوت ئەو کوڕە گەنجە شەلەی کە دوێنێ بە جێی هێشتین خەبەری دابووپێی و ناوونیشانی ئەو ماڵەی هەڵدابوو بۆی کە منی لێم.**

## چۆنیەتی گیرانمان لەلایەن هێزەکانی حەرەس جمهوری و دادگای سەربازی

حاجی وەلی تەمەن دەوروبەری شەست ساڵ بەتراکتۆرێک و عەرەبانەیەک گەیشتە لام و داوای بەتانییەکی کرد لە ماڵی دایکی ڕووناک خان و ئەوانیش بەتانییەکیان پێدایىن و دوای ئەوەی من و حاجی وەلی زۆر سوپاسیانمان کرد ماڵەکەمان جێهێشت . بەتانییەکەیان لەناو عەرەبانەی تراکتۆرەکە داخست من لەسەر پشت درێژ بووم. تراکتۆرەکە هی باوک و کوڕێک بوون کە تەمەنیان لەدەوروبەری پەنجا ساڵ و حەفتا ساڵ ئەبوون.کە تەنها بۆ یارمەتیدانی من و لەبەرخاتر و تکای حاجی وەلی لەگەڵیا هاتبوون.هەر پێنج خولەکێک دوای بەجێهێشتنی ماڵی دایکی ڕووناک،تراکتۆرەکە لەناکاو وەستا و داوای ناسنامەیان لە سایەقەکە و حاجی وەلی و کوڕی سایەقەکە کرد. وەختێ تەماشای ناو عەرەبانەی تراکتۆرەکەیان کرد سەربازەکە هاواری کرد " ئەوە برینداریکە..ئەوە پێشمەرگەیەکە..ها ئەو پێشمەرگەیە بۆ کوێ ئەبەن؟منیش گووتم پێشمەرگە نیم.

ئەوە بوو حاجی وەلی و باوکە و کوڕەکەیان خستە عەرەبانەکە و لەلای منیان دانان و سەربازێک هاتمە دیارمان وەستا و میلی چەکەکەی ڕاکێشایەوە و سەربازێکی تریش کەوتە لێخوڕینی تراکتۆرەکە و یەک دوو سەربازی تریش لەسەر تایەی تراکتۆرەکە دانیشتن و بەسەر شەقامی شەست مەتریدا لێیان خوڕی بەرەو باڵەخانەی (حوسێن سورچێ)کە لەو ڕۆژانە کرابووە دائیرەی ئەمن و دادگای عەسکەری. کاتێک گەیشتینە بەردەرگای دائیرەی ئەمن لە سەربازەکانیان پرسی ئەمە چییە هێناوتانە؟

وەڵامیان دایەوە" پێشمەرگەمان گرتووە"

ئەوانیش گووتیان " هەی ئافەرین، دەستتان خۆش بێ"

منیش گووتم " من پێشمەرگە نیم"

پرسیان" ئەی بۆ وات بەسەر هاتووە؟

گووتم : پریشکی ئاگرم بەرکەوت و سووتام"

ئەوە بوو ئێمەیان بردە ناو دائیرەی ئەمن و بەرەو ژێرزەمینێکیان بردین تاریک، سارد،نەدۆشەک،نە پەنجەرە،نە ڕووناکی نە گەرمایی و نە خواردن و نەهیچ. کە ئێمەیان بردە ژێرزەمینەکەوە تەنها چوار- پێنج کەسی تێدا بوو. لەو ژێرزەمینەدا بۆم دەرکەوت ئەوانەی لەوێ گیراون هەموو یان بەچەکەوە گیراون یان کەلوپەلێ سەربازییان پێگیراوە.بۆیە لام ڕوون بوو ئەمجارە قوتاربوونم نییە. من لەوێدا خەریک بوو لەداخا ئەمردم.چونکە ئەمجارە سێ کەسی تر سەرباری کارچاکییان خەریکن بەهۆی منەوە تیا ئەچن. وردە وردە ژێرزەمینەکە قەرەباڵغ ئەبوو و نەفەریان لە هەر سووچ و لایەکەوە بگرتایە ئەیانهێنان بۆ ئەوێ. لەژێرزەمینەکەوە جاربەجار دەنگی تەقەیەک یان دووان ئەبیسترا. من چیرۆکێکم لەخەیاڵی خۆم دانا و حاجی وەلیشم تێگەیاند کەئەگەر پرسیاریان لێمان کرد قسەکانمان وەکو یەک بێ. ئەو شەوە ژمارەی گیراوەکانی ئەو ژێرزەمینە خۆی لەقەرەی شەست کەس ئەدا.من جارێکی تر سێبەری مەرگ هاتەوە بەر چاوم. بیرم ئەکردەوە کارێک بکەم بەهەر شێوازێک بووە لەم مەینەتییە دەربچم. یەکەم شت کلیلەکانی کتێبخانەکەی ماڵەوەم کە پڕ بوو لە کتێب و بڵاوکراوە لەناو ژێرزەمینەکە فڕێ دایە گۆشەیەکی تاریکەوە . ئینجا بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئەگەر وڕێنە بکە و وا خۆم نیشان بدەم کە هۆشم لای خۆم نییە،لەوانەیە وازم لێبێنن و بەرەڵلام بکەن. بۆیە هەندێ وڕێنەم کرد و لەوڕێنەکانیشما هەر ناوی کچ و کوڕەکەم ئەهێنا.ئەم وڕێنە کردنە سەعاتێکی زیاتر خایاند. من و هەموو ئەوانەی لەو ژێرزەمینە بووین تینوێتی وبرسییەتی فشاری زۆر بۆ هێنابووین . یەکێ لە گیراوەکان بەرەفێکدا هەڵگژا کە هەندێ شروشیتاڵ و فەردەیەک نانەڕەقی کەڕواوی لێبوو. نانەڕەقەکەیان داگرت و کەوتینە خرماندنی. من ئێستاش نازانم ئاخۆ دەبێ ماوەی چەند بووبێ ئەو نانەڕەقە لەو ژێرزەمینە بووبێ؟ ئەو نانە ڕەقە هەندێک برسێتی ڕەواندینەوە، بەڵام تا دەهات زیاتر تینوومان ئەبوو. بەتایبەتی من کە بەردەوام ئاوم لێئەڕۆیی. من ئێستاش ئەو دیمەنەم دێتەوە بیر کەلەسەر زەوییە کۆنکریتەکە(چەمەنتۆکە) ڕاکشابووم و حاجی وەلی لەتەنیشتمەوە بوو و لەبەر خۆیەوە ئەیگووت" ئای خودایە،من ویستم چاکە و خێر بکەم و تووشی چی بووم". منیش بەردەوام هەر داوای ئاوم ئاکرد. یەکێک لە سەربازە ئێشکگرەکان هاتە خوارەوە و بە زمانی عەرەبی

داوای ئاوم لێکرد.ئەوە بوو سەربازەکە چووە سەرەوە و مەنجەڵێ فافۆنی پڕ لە ئاوی هێنا، گیراوەکان هەر کە بینیان پاسەوانەکە بە مەنجەڵێ ئاوەوە گەڕایەوە،هەموو بەرەو سەربازەکە ڕایان کرد بۆ ئەوەی ئاو بخۆنەوە.بەڵام سەربازەکە بەتووڕەییەوە کەوتە جنێودان پێیان و فەرمانی پێدان کە بکشێنە دوواوە. ئەوە بوو هەموو پاشەوپاش کشانەوە و هات ئاوەکەی کرد بەدەممەوە تا تێرم خواردەوە و ئینجا بەلادا هاتم و ئاگام لەخۆم نەما. من بە چاکی نازانم چەند بێئاگا بووم و بوورامەوە،بەڵام وەختێ لەدەنگی هاواری لێدانی دوو کەس بەئاگا هاتمەوە کە بۆ ژێر زەمینەکەیان هێنان. بۆ بەیانی 03-04-1991 جارنەجار ئەهاتن و ناوێکیان ئەخوێندەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەکە، چاوی کەسەکەیان ئەبەستایەوە و دەستیشیان لەپشتەوە ئەبەستاوە و ئەیانبرد. دوای ماوەیەک یان دەیانهێنایەوە و لە سەر قادڵمەکەوە بە شەق و لێدان فڕێیان دەدایە خوارەوە. یانیش نەدەهاتەوە. و پاش ماوەیەک لە بردنی ئەو کەسانەی کە نەدەهاتنەوە گوێمان لە دەستڕێژی گوللە ئەبوو ،ئەمەش وای لێکردین کە وای لێکبدەینەوە کە لەوانەیە ڕەمی بکرێن. ناو خوێندنەوە بەردەوام بوو.تا دوای نیوەڕۆ. دەوروبەری سەعات دوو بوو ناوی منیان لەگەڵ حاجی وەلی و باوک و کوڕەکە خوێندەوە. من ئەوکات چل دینارم پێبوو و هەر ئەوەندە پارەیەشم شک ئەبرد و بەخشیمە زیندانییەکان،چونکە دڵنیا بووم لەوەی کە زەحمەتە بەسەلامەتی قوتار ببم. کە بردمانیان بۆ سەرەوە چاویان بەستاینەوە بەڵام دەستی منیان لەدواوە نەبەستاوە چونکە هەردوو دەستەکانم سووتا بوون و خوێن و ئاویان لێئەڕۆیی. لەگەڵ سەرکەوتنمان دووسەرباز ژێر باڵمیان گرتبوو لەترسی کەوتنم، چونکە نەمئەتوانی بەباشی بڕۆم بەرێدا و ناچاریشیان کردبووم بەو پێیە بریندارانەمەوە بەو قادڵمانانەیا سەربکەوم.. ئەوان بەزمانی عەرەبی پێیان ئەگووتم بەلای چەپ یان بەلای ڕاستدا،ڕاست بڕۆم یان چی بکەم. ئەو ساتانە نەمانئەزانی بۆ کوێمان ئەبەن، بۆ ڕەمیکردن،یان بۆ شوێنێکی تر بۆ زیندانی کردنمان،یان بۆ دادگایی کردن؟ لەهەمان کاتدا ئاگام لێنەبوو حاجی وەلی و باوک و کوڕەکەیان لێم جیا کردۆتەوە.پاش ئەوەی سێ - چوار قات سەرکەوتین،لە میانی پەڕۆکەی چاومەوە ڕووناکیم بینی. کاتێکیش سەربازەکان سڵاوی عەسکەرییان کرد حاڵی بووم من لەبەردەم ئەفسەرێکی پلە بەرزدام. ئەفسەرە پلە بەرزەکە بەزمانی عەرەبی لێی پرسیم:

- ناوت چییە؟
- منیش ناوی خۆم پێگووت.
- عەبدوڵا پرسیارێکت لێئەکەم ئەگەر ڕاستم وەڵام بدەیتەوە ئەوا ئەتنێرم بۆ خەستەخانە و چارەسەرت ئەکەین،بەڵام ئەگەر بە ڕاستیش وەڵامم نەدەیتەوە ئەوا ڕەمیت ئەکەم.

+ قوربان ئەگەر مەجالم بدەیت دابنیشم ئەوا بە ڕاستی هەموو شتێکی بۆ ئەگێڕمەوە.

- باشە دابنیشە. پێمبڵێ بۆ وات بەسەر هاتووە؟
- قوربان ئەو ڕۆژەی سوپا گەڕایەوە خەڵکی هەموو هەڵهاتن و شاریان چۆڵ کرد.ماڵومنداڵەکەی منیش لەو چۆڵ بوونەی شار ترسان و کەوتنە شوێنی ئەو خەڵکە. منیش تکام لێیان کرد کە نەڕۆن و ماڵ بەجێ نەهێڵن،چونکە سوپا یارمەتیمان ئەدات خۆ نامانکوژێت. ئەوە بوو کەوتمە دوایان تا بیانگێڕمەوە. لە دەوروبەری گەڕەکی شۆڕش بووە تەقە،منیش چوومە پاڵ بەرمیلێک کەلەپێش ماڵێکدا دانرابوو،نەمزانی بەرمیلەکە نەوتی تیایە .گوللەیەک بەر بەرمیلەکە کەوت و ئاگری گرت و منیش سووتام. ئینجا دەبابەکان هاتن و تەداویان کردم و یارمەتیان دام.
- لە ڕۆژی 11-03-1991 لە کوێ بووی و چیت کرد؟
- ئەو ڕۆژە سەرلەبەیانییەکەی بووە تەقە لەناو شار و من نەموێرا بێمە دەرەوە چونکە ئەترسام تەوقی شار کرابێ و بەدوای سەربازی هەڵاتوودا بگەڕێن.منیش سەربازی هەڵاتوو بووم،تا دەمەو ئێوارە گووتیان تێکدەرەکان شاریان بەدەستەوەیە و ئەوسا منیش چوومە دەرەوە.
- لەو ماوەیە لە 11-03-1991 تا 31-03-1991 چەکت پێبووە؟
- بەڵێ چەکم پێبووە.

- چەکت لەکوێ پەیدا کرد؟
- براکەم دوو کلاشینکۆفی کڕیبوو بە دە دینار و دانەیەکی پێدام.

لەم کاتەیا یەکێک هات تەماشای سەر شانەکانی کردم تا بزانن شوێنی قایشی (چەک)سیلاحی پێوەیە یان نا.

- ئەی بۆ سەربازی هەلاتوو بوویت؟
- من لە ڕاستیدا سەربازی هەلاتوو نەبووم.من سەرباز بووم لە (جەهراء) لە کوەیت.کاتێ سەرۆکی فەرماندە فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی کرد، ئیمەش کشاینەوە و گەڕاینەوە ناو عێراق و ئینجا مۆڵەتمان پێدرا تا بگەڕێینەوە ناو ماڵومنداڵمان.دوای تەواو بوونی مۆڵەتەکەم نەمتوانی بگەڕێمەوە و پەیوەندی بکەم بە وەحدەکەمەوە. چونکە لە باشوور ‌بارودۆخی شارەکان ئاڵۆز ببوون.
- لە چ وەحدەیەک بووی؟
- (ناو و ژمارەی وەحدە و لیوا و یەکە سەربازییەکانی ئەو کاتم بەباشی ئەزانی چونکە لە ڕێکستنەکانماندا بەردەوام مۆڵەتی سەربازیمان بۆ کادر و ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان دروست ئەکرد) بۆیە ناو و ژمارەی وەحدەکەم پێگووت.
- هیچ کەسێکت بینی موڵکی دەوڵەت تێک بدات؟
- نەخێر.
- چۆن نەتبینی؟
- چونکە لەماڵەوە دەرنەئەچووم.

ئینجا دوای نووسینەوەی وتەکانم،منیان بەرز کردەوە و بردمیانە دەرەوەی ژوورەکە و لە ڕاڕەوێک دایان نام. گوێم لێبوو بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی وقسەیان ئەکرد. ئەکێک لێی پرسیم.

- ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟
- گووتم بە ئاگری بەرمیلی نەوت سووتام.
- درۆ ئەکەی، بەئاگری دەبابەکانمان وات لێهاتووە.
- نا وا نییە .( لەناکاوێکدا یەک شەقی زۆر بەهێز لە قەبرغەی چەپم دراو هەناسەی لێبڕیم. هەرئەوەندە گووتم ئای باوە ئیتر وەخت بوو ببورێمەوە. گوێم لێبوو سەربازەکان جنێویان پێئەدام )
- یەکێک پێیگووتم دوای سەعاتێکی تر ڕەمیت ئەکەین.

منیش لەبەر ئەوەی ئەزموونی ژێر زەمینەکەم هەبوو ئەمزانی ئەوانەی نایانگەڕێننەوە بۆ ژێرزەمینەکە ئەوا ڕەمی ئەکرێن. ئەوەندەم زانی حاجی وەلیشیان هێناو لەتەنیشتمەوە دایاننا. پرسیم ها حاجی چی بوو؟گووتی تازە تەواو ڕەمیمان ئەکەن. حاجی لەبەر ئەوەی کەسێکی خواپەرست بوو هەر دوعای ئەکرد. وە لەبەر ئەوەی خانەنشینی سەربازی بوو زمانی عەرەبی بەباشی ئەزانی. کە حاجی وەلی گووتی ڕەمیمان ئەکەن،من چۆکم شکا.گووتم حاجی داوای لێبووردن ئاکەم و ئیتر هیچ قسەیەکی ترم نەکرد، دیسانەوە گوێم لێبوو گووتیان ئەمانە ڕەمی ئەکرێن. ئیتر هیچ گومانێکم نەما لەوەی کە دەرچوونمان نییە. حاجی هەر لەخوا ئەپاڕایەوە و دوعای ئەکرد. نیو سەعاتێکی نەبرد باوک و کوڕەکەشیان هێناو لەتەنیشت منەوە دایان نان. ئەو باوک و کوڕە هەر کە وشەی ڕەمیان بیست .ئەوانیش وەزعیان تێکچوو.باوکە ئەیگووت" وەرە خوایە من ویستم پیاوەتی و خێر بکەم و ئەجرەکەشم ڕەمییە،خوایە ڕەحممان پێبکەی بە ڕەحمی خۆت."ئەمجا ئێمەیان هەستان و لەڕاڕەوەکەیان دوور خستینەوە و بەرەو ئەو پەنا دیوارەی کە شوێنی ڕەمیکردنمانە بردیانین. سەرەتا قاتێک چووینە خوارەوە.دڵم خۆش بوو گووتم بەرەو ژێرزەمینەکە ئەمانبەنەوە،کە قاتێکی تریش هاتینە خوارەوە،ئیتر زانیمان بەرەو ژێرزەمینەکەیە.ئەوسا لەبری ئەوەی دەرگای ژێرزەمینەوە بکەنەوە و فڕێمان بدەنە ژوورەوە،بەلایەکی تریان بردین. لێرەوە ترسەکەمان زیادی کرد و وەک دواتریش لەگەڵ حاجی وەلی

قسەم کرد ئەویش پێی وابوو کە ئەمە دووا قۆناغە و ڕەمیکردنەکەمان مسۆگەرە. بەڵام ڕێکەوت سەیرە و زۆر جار مرۆڤ ئەوەی پێشبینی ئەکات شتێکی تر دەرئەچێت.دووایی زانیمان ئەم هەموو ڕەمیتان ئەکەین...ڕەمیتان ئەکەین...) بەشێک بوو لەو جەنگە نەفسییەی کە دژ بە ئێمە بەرپا کرابوو. بەڵی لەبری ئەوەی لەپەنا دیوارەکە ڕامان بگرن و ڕەمیمان بکەن، ئێمەیان لەسەر شەقامی شەست مەتری دانا و چاویان کردینەوە و دەستیان کردینەوە و بەرەڵلایان کردین و گووتیان بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. ئەو چرکەیە نە چاوم بڕوایی ئەهات و نە گوێم متمانەی بەو وشانە هەبوو کە ئەیبیستن. باوک و کوڕەکە داوای تراکتۆر و عەرەبانەکەیان کردەوە، نەیان دانەوە.حاجی وەلی داوای لەو ئەفسەرەی کە ئێمەی ئازاد کرد یارمەتمان بدات لە گەیاندنەوەی من بۆ ماڵەوە .ئەوە بوو لەوکاتەیا پیکابێکی تۆیۆتای سپی بەسەر شەقامی شەست مەتریدا تێئەپەڕی.ئەفسەرەکە ڕایگرت و پێیگووت کە ئێمە بگەیێنێتە گەڕەکی حەی سەدام. شوفێری پیکابەکە کە برای سەرۆک جاشی ئەو کات وەهاب عەیشێ بوو،گووتی قوربان بەنزینم نییە.ئەفسەرەکە بەتووڕەییەوە پێی گووت" گەواد..بەنزینم نییە چییە.دەی بیگەیێنەوە بۆ گەڕەکی حەی سەدام. شوفێرەکەش ملکەچانە گووتی بەسەرچاو قوربان .

ئەوە بوو ئێمە سواری ئەو پیکابە سپییە بووین و بەرەو ماڵ. بەڵام هێشتا نەگەیشتبووینەوە نزیک ماڵ شوفێرەکە سەیارەکەی ڕاگرت و گووتی بەنزینم نییە و لەوە زیاتر ناڕۆم. حاجیش بەناچار ئەو مەسافەیە لە کۆڵی خۆی نام و بەرەو ماڵی خۆی بردمەوە.

## سووتانی بێ چارەسەر بۆ ماوەیەکی درێژ

کە گەیشتینە ماڵەوە،وامان زانی تازە لەدایک بووینەتەوە. لەیەکێک لە ژوورەکانی ماڵی حاجی وەلی جێگایەکیان بۆ داخستم و نانیان لێنا و چایان بۆ هێنایین و جگەرەیان داینێ. ئیتر دڵنیاییم وردە وردە بۆ گەڕایەوە و هەستم کرد لەجێگایەکی ئەمین دام بەتایبەتیش کە کاک سەلاحی کوڕی حاجی وەلی کە لە شارەکانی باشوور سەرباز بوو و گیری خواردبوو گەڕابۆوە. خەڵکیش پەیتا پەیتا ئەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان و هەستت ئەکرد شار وەختە جموجۆڵی تێبکەویتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سوپای ڕژێمی بەعس لە گەڕەکان و جادەکان و ناو شار بوون و بەردەوام داوای ناسنامەیان لەخەڵک ئەکرد و شەوانیش ئەبووە تەقە و هەندێ جاریش ئەیاندایە سەر ماڵەکان.بۆیە ئەو ترسە بڕێک نیگەرانی کردبووم. بۆیە زۆر سوودم لە کاک سەلاح بینی چونکە ئەو جلی سەربازی ئەپۆشی و ئەیتوانی بەئاسانی بچێتە ناو شار. کاک سەلاحم نارد بۆ ماڵەکەی خۆم تا بزانی دەروجیران هاتونەتەوە یان نا، هەروەها ماڵەکەم ماوە یان نا؟ ئەوە بوو کاک سەلاح کە گەڕایەوە گووتی هەندێ لە دراوسێکانت هاتوونەتەوە. ماڵەکەشت هەموو لەشوێنی خۆیەتی تەنها جل و بەرگی ناو کەنتۆرەکانتان فڕێ دراونەتە دەرەوە.پاش گوزەراندنی زیاتر لە دە ڕۆژێک لەماڵی حاجی وەلی،خێزانی ئەوسام دایکی ئاڵا گەڕایەوە . کە ئاڵای کچم هاتەوە و قسەم لەگەڵی کرد ،ئەو منداڵە تەمەن دوو ساڵە دەنگی ئەناسیمەوە بەڵام خۆمی نەئەناسییەوە.ئاڵا بەدەوری جێگاکەم دەسوڕایەوە وتووشی سەرلێشێوان ببوو.دەنگ دەنگی باوکی بوو و جەستەش شتێکی تر کە نەیئەناسییەوە.بەهەرحاڵ دوواتر بە یارمەتی حاجی وەلی بەعەرەبانەیەکی دەستی منیان گەیاندەوە ماڵی خۆم.

کە چوومەوە ماڵی خۆم چونکە لەدەست کورتییەکی لەڕادەبەدەردا ئەژیام نە خواردنێکی باش هەبوو نە داو و دەرمان هەبوو بۆ چارەسەرکردن. منیش بێچارەسەری مامەوە. لەڕێگەی دراوسێ و گەڕانی دایکی ئاڵا بە ماڵەکاندا بۆ پەیدا کردنی داو و دەرمان،هەندێ دەرزیمان پەیدا کرد و دایکی ئاڵا ئەو دەرزییانەی لێئەدام. شتێکیش زۆر دەیترساندم.ئەویش دەنگی دەرگا بوو. ئەو ترس و لەدەرگا کوتانەی یەکەم شەو تا ماوەیەکی زۆریش لەگەڵما مایەوە.

ڕۆژێکیان دایکی ئاڵام نارد بۆ گەڕەکی نەورۆزی ئێستا و (حەی عەسکەری) جاران تا بچێت بزانێ ماڵی خاتوو هەمینی خوشکم لە ماڵەوەن. بۆ ئەوەی هەم هەواڵی منی پێ بڵێ و هەم ئەگەر دەرزی و دەرمانێکیش هەبوو بۆمی بهێنێ؛

کەگەڕایەوە و هەمینی خوشکیشم هات و پێی ڕاگەیاندم لێبووردنی گشتی هەیە بۆ ناچی بۆ مەعەسکەر و کاغەزێکت بۆ بکەن و بتنێرن بۆ خەستەخانە. منیش ڕازی بووم و هەمینی خوشکم عەرەبانەیەکی هێنا و بەتانییەکیان لەسەر ڕاخست و بردمیان بۆ سەربازگە(مەعەسکەر).دووری نێوان ماڵی ئێمە و سەربازگە نزیکەی چوار کیلۆمەتر ئەبوو.ئەو خوشکە خۆشەویستەم کەوتە پاڵنانی عەرەبانە و تا سەربازگە نەوەستا. لە تەنیشت سەربازگە عەرەبانەکە شکاو تایەیەکی دەرچوو. هەر چۆنێک بێت ناوی خۆم نووسی و کاغەزێکیان بۆ کردم گوایە سەربازم و بریندارم و بۆ چارەسەر بمبەن بۆ موسڵ. لەناو سەربازگەکەدا چوار – پێنج پاسی درێژ وەستابوون و سەربازی برینداریان ئەگواستەوە بۆ شاری موسڵ،ئەو سەربازە بریندارانەی کەلە شەڕی کۆڕێ پێکرابوون. بۆیە منیشیان سواری پاسێک کرد و هەمینی خوشکم و خێزانی پێشووم چاوەڕوان بوون پاسەکە بکەویتە ڕێ و ماڵئاوایم لێبکەن.منیش لەو ساتەدا بڕیارم دا لە پاسەکە دابەزم و نەڕۆم بۆ موسڵ.ئەویش لەبەر دوو هۆ:

یەک : من خۆم سەربازی هەڵاتوو بووم و پێش ڕاپەڕین فەرمانی گرتنم دەرچوو بوو،ترسام ئەو لیستی ناوەیان لابێ و بێسەروشوێنم بکەن.

دوو : من کورد بووم و لەو ڕۆژەیا کورد بەدەگمەن سەرباز بوو و ئەمەش جێگەی گومانە لای دەسەڵاتدارانی ڕژێم.

بۆیە لە پاسەکە دابەزیم و پیمگووتن با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. خوشکم پرسی ئەی بۆ ناچی بۆ چارەسەرکردن؟ گووتم هیچ متمانەیان پێناکەم. نامەوێ بڕۆم. ئەوە بوو کە گەڕاینەوە لای عەرەبانەکە بینیمان بەتانییەکەمان دزرابوو. بەهەر نرخێک بوو گەیشتینە ماڵی خوشکم و لەوێشەوە بە لۆرییەک لە پێشەوە سوار بووین و گەیشتینەوە ماڵی خۆم. لەم ڕۆیشتنە بۆ سەربازگە یەک شتم قازانج کرد ئەویش کاغەزێک بوو کە کیتابێکی ڕەسمی بوو لە سەربازگەی هەولێرەوە بۆ موسڵ وەک سەربازێکی بریندار بۆ چارەسەرکردن ئاماژەم پێدرابوو.

من ئیتر لەماڵ مامەوە و هەر بە دەرزی و مەڵحەم خۆم ڕاگرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بیستبووم کە سووتان ئەگەر بکرێتە ناو سابوناوی شلەتێنەوە بەتایبەتی سابوونی ڕەقی ئەوا ئەو سابوناوە ڕێگری دروست ئەکات لە گەشەکردنی بەکتریا و نابێتە هۆی بۆگەن بوونی برین بەتایبەتی کە هیچ چارەسەرێک لەئارادا نەبێت. ئەوە بوو سابوناویشم بەکار ئەهێنا. چەند ڕۆژێک بەم جۆرە تێپەڕی تا لەناکاو کاک قادر حەسەنی خوشکەزام کە لە هەڵمەتی گیرانی شاری کەرکووک لەلایەن (عەلی کیمیایی)یەوە گیرابوو و دوور خرابۆوە بۆ خوارووی عێراق، لە 22-04-1991پەیدا بوو و هاتەوە. هاتنەوەی کاک قادر لەگەلێ ڕووەوە بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو وەکو:

یەک : بەسەلامەتی گەڕایەوە.

دوو: هاودەمێکم بۆ پەیدا بوو و لەو تەنیاییە کوشندەیە ڕزگارم ئەکات.

سێ : کاک قادر خۆی یاریدەدەری پزیشکە و ئەتوانێ بەوردی سەرپەرشتی چارەسەرکردنم بکات.

ئەوە بوو دوای یەک- دوو ڕۆژ لەهاتنەوەی کاک قادر باوکی کۆچکردووم لە قەڵادزێوە گەڕایەوە و ئیتر دەورم ئاوەدان بۆوە. داوی ئەویش زبێدەخانی خوشکیشم هاتەوە.

بارودۆخی سیاسیش تا دەهات ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و مفاوەزاتی نێوان بەعس و بەرەی کوردستانی ئەوکات زەمینەی گەڕانەوەی زیاتری خەڵکی بۆ ناو شار و بۆ ناو ماڵوحاڵیان خۆشتر کرد. لەگەڵ قەرەباڵغبوونەوەی زیاتری شار ترسی هەڵکوتانە سەر ماڵان بە شەوان کەمبوەوە،بەڵام کۆتایی پێ نەهات. خزمو کەس و کاریش وردەوردە پەیدا بوونەوە. کاک سەباح کە کوڕە خزمێکم بوو و یاریدەدەری پزیشک بوو هاتە سەردانم و دەستەکانی بینیم و گووتی پێموابێ دەستەکانت تووشی گانگرین بوونە و ئەگەر نەیبڕنەوە باشە. ئەو ڕۆژە زۆر خەمبار بووم و بەپێویستمان زانی خۆم نیشانی دکتۆرێک بدەم.بەڵام بە من و باوکم و کاک قادر پانزە دینارمان لەگیرفاندا نەبوو تا بچین بۆ لای دکتۆر. ناچار نەڕۆیشتم و مامەوە تا لەڕێگەی زبێدەخانی خوشکمەوە کاک فەخرەدین عەزەددینمان دۆزییەوە کە ئەویش یاریدەدەری پزیشک بوو و بەڵام شارەزایی زۆری هەبوو لە سووتان و برینی سووتان. کاک فەخرەدین زۆر مەردانە هاتو کەوتە چارەسەرکردنی دەستەکانم.

چارەسەرکردنێک بێ بەنج و بێ حەبی ئازار شکێن. دوای ئەوەش خێزانی ئەوسام(دایکی ئاڵا) ڕاتبی وەرگرت توانیمان هەندێ شتی پێویست بکڕین و وردە وردە ئومێدم پەیدا کرد کە دەستەکانم چاک ئەبنەوە. جێی ئاماژەیە لەو ڕۆژانەدا من لەسەر ڕاتبێکی لەئەندازەبەدەر کەمی دایکی ئاڵا و یارمەتی کەسوکار و دۆست و برادەر ئەژیام و چارەسەری دەستەکانم ئەکرد.



دەستەکانی مەشخەڵ لە ساڵی 2010 دا

کاک فەخرەدین ئەو کارەی بۆ پارە نەئەکرد. ئەو وەکو کارێکی مرۆڤانە بەئەرکی خۆی هەڵئەسا. هەرچەندە کاک فەخرەدین نینۆکێکی پەنجە گەورەی دەستی چەپمی هەڵکێشا، بەڵام دوای ماوەیەک هەستم ئەکرد دەستەکانم خەریکن پێستێکی سوور و پەمبەیی لە ژێرەوە دەهێنێتەوە. لەم کاتانەیا بوو ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بە بڕی 350 دینار یارمەتی دام کە توانیم خواردن و پێداویستی داو و دەرمانی پێبکرم.
ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستی ئەوسا تا ئەندازەیەک وەفادار بوون و هەوڵیان دابوو لەڕێگەی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران-کۆمەڵەوە لەناو شارەوە دەرم بکەن و بمگەێننە مەقەڕی کۆمەڵە بۆ ئەوەی لەژێر دەستی حکومەت ڕزگارم بکەن و بشتوانن چارەسەرم بکەن. یەکەمجار کۆمەڵە ڕازی ببوو،بەڵام دواتر لەترسی تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعس ئەو کارەیان بۆ ڕەوت نەکرد. ئەوە بوو ڕەوت جارێک کاک سەمیر نووریان ناردەوە بۆ لام و جارێکی تریش کاک ئەکرەم مەحمودیان نارد. لەگەڵ کاک قادر و کاک ئەکرەم لەهەولێر بە سواری کۆستەرێک بەنەفەرات چووین بۆ دیانا و ڕانیە و لەوێشەوە بۆ دۆڵی گوڵان. ڕەوت دوو چادری هەڵدابوو لەنزیک مەقەری کۆمەڵە لەتەنیشت ئیزگەی ڕادیۆی ڕێکخراوی وەحدەتی کۆمۆنیست.من نزیکەی دوو – سێ هەفتە لەو چادرە بووم و کاک ئەکرەم مەحمود خزمەتی ئەکردم.هەرچەندە کاک ئەکرەم ئەو کارەی وەکو کاری ڕێکخراوەیی ئەکرد بەڵام من سوپاسی ئەکەم و ڕێزم هەیە بۆ ئەو خزمەتەی کە کردوومی.
من ڕۆژانە لە چادرەکەمەوە ئەچووم بۆ مەقەری کۆمەڵە بۆ لای دکتۆر بۆ چارەسەرکردن.وەزعم تا دەهات باشتر ئەبوو و چونکە خۆراکیشم گۆڕابوو و خواردنی باشم ئەخوارد. دەستەکانم برینەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر ئەبوونەوە. دوای سێ

هەفتەیەک دووبارە گەڕامەوە  بۆ هەولێر. جێو شوێنی سوپا و حکومەتی عێراق تا دەهات لە هەولێر بەرتەسکتر ئەبۆوە.ڕۆژ نەبوو ئەمنێک نەکەوێتە بەر پەلاماری خەڵک و تەنانەت وای لێهات ئەمنەکان نەیانئەوێرا بێنە ناو بازاڕ. ژیانیش تا دەهات ئاسایی تر ئەبۆوە. هەروەها ئەوەشم هاتەوە بیر کە لەڕێگەی هاوڕێی ئازیز کاک تەها قەڵادزێیی کە ئەو کات ماڵیان لە ڕانیە بوو،حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بە بڕی 300 دینار یارمەتییان دام.
لەگەڵ هەرچی زیاتر ئاسایی بوونەوەی ژیان، وەزعی ئابووری بەرەو خراپی ئەڕۆیشت و نەمئەزانی چی بکەم و چۆن ئیشێک بکەم. بۆیە بەو دەستانەوە هیچ کارێکم پێنەئەکرا. ئیتر کاریگەری ئەم سووتانە لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە کاری خۆی لێمکرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دەستەکانم بەرەو چاکبوونەوە ئەچوون و ڕۆژێکیان لەگەڵ ماڵومنداڵ چوومەوە سەردانی ماڵی دایکی ڕووناک و سەرم لێیان دا و بەسەریانم کردەوە. ئەو کات بوو کە دایکی ڕووناک خان پێیگووتم کە ئەو ڕۆژەی لەگەڵ حاجی وەلی ڕۆیشتی، بۆ ئێوارە گاردی کۆماری هاتن و پرسیاری تۆیان ئەکرد و گوتیان کوا بریندارەکە لە کوێیە. منیش پرسیم چۆنیان زانی من لەماڵی ئێوە بووم گووتی " مەلای مزگەوتەکە- مەلای مزگەوتی سپی- خەبەری لێمان داوە گوایە ئێمە پێشمەرگەمان لە ماڵ بووە و چارەسەرمان کردووە" دایکی ڕووناک درێژەی داێ و گووتی:" پیاوەکانی گاردی کۆماری گەلێ گەڕان و هیچیان نەدۆزییەوە و تەنها لەفافی خوێناویان دۆزییەوە،وتیان ئەی بریندارەکە لەکوێیە؟ گوتمان ئەوە هی ئێمە نییە و هیچ بریندارێکیش لێرە نەبووە."
ساڵی 2000 کاتێک بەسەردان لە کەنەداوە چوومەوە بۆ کوردستان.لەگەڵ خوشکەزای ئازیزم کاک قادر حەسەن چوومەوە ئەو خانووە بۆ ئەوەی سەر لە ماڵی دایکی ڕووناک بدەم،بەڵام بەداخەوە لەوێ نەمابوون و هیچ سۆراخێکیانم دەست نەکەوت و ئێشتاش نازانم لەکوێ ئەژین و چییان بەسەر هاتووە.بەو هیوایەم هەموویان سەلامەت بن و لەهەر کوێیەکن سڵاوی منیان لێ بێت.
هەرچی سووتانی لۆرییەکەشە وەکو ئەفسانەی لێهاتبوو. من ئەو ڕۆژانە لەترسی بڵاوبوونەوەی پیاوانی ڕژێم لەناو هەولێر و دەست نەپاراستن لە کوشتنی خەڵکی شەریف و شۆڕشگێڕ ، چیرۆکی سووتانەکەم ئەگێڕایەوە بۆ سووتانی سەیارەکەم لەکاتی بەنزین تێکردندا. ڕۆژێکیان سواری تاکسییەک بووم و کابرای سایەق لێی پرسیم دەستت بۆ وای لێهاتووە؟ منیش پێمگووت سەیارەکەم ئاگری تێبەر بوو و سووتام. ئەویش گووتی برام شوکور بە. تۆ چیت دیوە.منیش پرسیم چۆن؟ گووتی لە ڕۆژی گرتنەوەی شاری هەولێر لۆرییەک لای فندق شیراتۆن نازانم تەیارە لێیدابوو ،تۆپ پێی کەوتبوو. چل – پەنجا کەسی تێدا سووتا و یەک نەفەری تێدا قوتار نەبوو.تۆ مەمنوون بە برام مەمنوون بە.

## تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان و چاوپێکەوتنێک لەساڵیادی ڕۆژی هەولێر

لە ساڵیادی کارەساتەکەدا واتە 31-03-1992 بێژەری ئەو سەردەمەی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان خاتوو دڵپاک تاهیر کاوانی و کامیرامانێک هاتنە ماڵی کاک نەوزاد لە خانووەکانی کارگەی ڕستن و چنینی هەولێر لەگەڕەکی حەی عومال بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی ماڵی کاک نەوزاد. منیش کە دراوسێیان بووم و ڕزگاربوویەکی ئەو کارەساتە بووم بانگ کرام بۆ ماڵی کاک نەوزاد بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا ساز بکرێت.ئەوە بوو لەماڵی کاک نەوزاد کۆبووینەوە و دەستمان کرد بە چاوپێکەوتنەکە.سەرەتا دڵپاک تاهیر ویستی هەندێ قسەم پێبڵێ تا منیش بیانڵێم،ئەویش لە نیەت پاکی و دڵسۆزی خۆیەوە بوو بۆ کۆمەکی کردنم،بەڵام من دڵپاکم دڵنیا کرد لەوەی کە کێشەم لە قسەکردندا نییە.
ئەوە بوو دڵپاک بەو پرسیارەی خۆی دەستی پێکرد : ئایا هەستت چییە سەبارەت بەو ڕووداوە و ئەو کارەساتە دڵتەزێنە کە خۆت یەکێکی لە قوربانییەکان؟ پرسیارەکە لەم شێوەیە بوو بەڵام مەرج نییە سەد دەر سەد وا بووبێ. منیش کەوتمە قسە کردن و باسکردنی ڕووداوەکە:

ئێمە لەکاتێکدا لەساڵڕۆژی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی ڕۆژی هەولێر یادی ئەو مرۆڤە ئازیزانە ئەکەینەوە کە بەدەستی سوپای خوێنڕێژی بەعس شەهید کران، جگە لە دەرکەوتنی سیمای دڕندانەی ئەو ڕژێمە دژی ئینسانییە هیچی تر نییە. ڕژێمێک کە لەوەتەی هاتۆتە سەر تەختی دەسەڵات لەسەر کوشتن و بڕین و سەرکوتکردن و ئیعدام وەستاوە. ڕژێمی سەدام دەستی سوورە بەخوێنی هەزاران هەزار مرۆڤی کورد و مێژوویەکی بۆ خۆی نەخشاندووە لەسەر ئێسک و پروسکی ژیانی ئێمەی مرۆڤ.......تاد.

من ئیتر وردکاری قسەکانی خۆم لەیاد نییە.بەڵام ئەزانم زۆر لەوە زیاترم گووت و دڵپاکیش زۆر قسەکانی منی پێخۆش بوو و تەنانەت کاتێ لەتەنیشت کامیرامانەکەوە وەستابوو و من خەریکی قسە کردن بووم،بە دەست ئیشارەتی بۆ ئەکردم و ئەیگووت زۆر باشە بەردەوام بە، دەستت خۆش بێ و شتی تری لەم جۆرە. کاتێکیش چاوپێکەوتنەکان لە تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستانەوە پەخش کرا بەم شێوەیە بوو.

1- چاوپێکەوتنی ئەو برا بەڕێزەی کە لەگەڵ منداڵەکەی لە لۆرییەکە دەربازیان بوو و لەپەنای دیوارێکی خانوویەکی مەحەتە لەگەڵ کاک نەوزاد بینیمن.
2- چاوپێکەوتنی خوشکێکی کاک نەوزاد کە لە کارەساتەکەدا نەبوو.
3- چاوپێکەوتنی دوو برای کاک نەوزاد،کە یەکێکیان کاک چەتۆ بوو و ئەویتریان کاک خەبات بوو کەلە وڵاتی سویدەوە بەسەفەر گەڕابۆوە.
4- منیش (عەبدوڵا سلێمان) چاوپێکەوتنەکەم قرتێندرا و لێنەدرا تەنها لەبەر ئەوەی ئەندامی (ی ن ک) نەبووم و مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بووم.

لێنەدان و قرتاندنی چاوپێکەوتنەکەی من لە کەناڵی گەلی کوردستانەوە تەنها نیشانەی بڕوای قوڵی (ی ن ک)ە بە پێشێلکردنی ئازادی بیروڕا و ئازادی سیاسی!! ئەگەر نا ئەبێ ج هۆیەک هەبێ منێک لەناو لۆرییەک کە بووە ڕەمزی بەرگری مرۆڤی کورد و هێمای دڕندەیی سوپای ڕژێمی بەعس چاوپێکەوتنەکەم لاببردرێت و چاوپێکەوتنی کەسانی تری لە شوێن دابنرێت کە فریان بەو ڕۆژەو بەو کارەساتەوە نەبووە. ئەو بێشەرمییەی - کەناڵی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان کە ئەگەر چاوێک بەئەرشیفی ساڵی 1992 دا بخشێنن و چاوپێکەوتنەکەم ئەبیننەوە کە من لە غەیری ئیدانەکردنی ئەو کارەساتە و مەحکوک کردنی ڕژێمی بەعسی خوێنڕێژ هیچی ترم نەکردووە - خۆی بەشێکە لە کارنامەی سیاسی و سیاسەتی ملهوڕانەی (ی ن ک). ئێستا لەکاتێکدا کە هەژدە ساڵ بەسەر ئەو چاوپێکەوتنەدا تێپەڕیوە و من خەریکی نووسینەوەی ئەو بەسەرهاتەم،بایی موویەک تێڕوانینم سەبارەت بە سیاسەتی (ی ن ک) نەگۆڕاوە و بەشانازیشەوە ئەتوانم بڵێم کە بۆچوونەکانم سەبارەت بەو لایەنە لە ڕابردوودا لەجێی خۆیدا بوون و دروست بوون.

## گەڕان بەدوای چارەسەری بنەڕەتی و سەرهەڵگرتن بەرەو هەندەران

دوای چاکبوونەوەی برینەکانی دەستەکانم و سەقەت بوونی دوو پەنجەی دەستی ڕاستم و سەرهەڵدانی ئازارێکی زۆر لە جومگەکانی پەنجەکانم و هەروەها دوای ئەوەی چەندین شوێن و دکتۆرم کرد بۆ چارەسەرکردن.بڕیارم دا زۆر بەجیددی بکەومە سۆراخی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک. سەرەتا سەردانی نەخۆشخانەی"نەتەوە یەکگرتووەکان UN "م کرد لە پێنجوێن لە ساڵی 1992 .لەو نەخۆشخانەیەدا دکتۆرەکان پێیان ڕاگەیاندم کە چارەسەری دەستی منیان پێناکرێ و چارەسەر لەوانەیە لەشارەکان هەبێ یان لە دەرەوەی عێراق چارەسەر بکرێ. دواتر سەردانی چەند دکتۆرێکی شارەزام کرد لە نەخۆشخانەی دیانە و لەوێش هیچ هیوایەکیان پێنەدام.پاشان چوومە کلینیکی دکتۆر مەحەمەد باجەلان لە کلینیکی تایبەتی خۆی لەشاری هەولێر. دکتۆر باجەلان دکتۆرێکی زیرەک بوو.پێی ڕاگەیاندم کە ئەتوانێ پەنجەی شایەدومانی

دەستی ڕاستم، ڕاست بکاتەوە و پەنجە بچووکەکەی دەستی ڕاستیشم چاک بکاتەوە.(دکتۆر محەمەد باجەلانیش بەداخەوە لەلایەن تۆڕی بەکرێگیراوانی بەعس کوژرا و بووە قوربانی دەستی ڕژێمی بەعس).دووا جار گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ملی ڕیگا بگرم بەرەو هەندەران. بەر لەچوونە دەرەوەم بەرەو هەندەران، خانووەکەی کارگەی ڕستن و چنین فرۆشت و لە گەڕەکی مەنتکاوە خانوویەکی بچووکم پێکڕی لەگەڵ ڕیمێکی مۆدیل 1975 تا بتوانم گوزەرانی ماڵومنداڵ دەربهێنم. ئیتر کە ئازاری جومگەکان بەردەوام بوو،ئەوە بوو خانووەکەو ڕیمەکەم فرۆشت و ماڵوحاڵم هەراج کرد و بەرەو تورکیا چووم و لەوێشەوە دوای چواردە مانگ چوومە کەنەدا و لە دەوروبەری کۆتایی ساڵی 1995 لە شاری ڤانکۆڤەر نەشتەرگەری بۆ دەستی ڕاستم کرا . نەشتەرگەرییەکەم لەلایەن (دکتۆر پیتەر ئەی مەککەی)ەوە لەنەخۆشخانەی ساینت پاوڵس لە شاری ڤانکۆڤەر ئەنجامدرا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نەشتەرگەرییەکەم، ڕاپۆرتی نەشتەرگەری دکتۆر پیتەریش لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دانراوە.

## دادگای باڵای تاوانەکان و سەرکوتکردنی شاری هەولێر

لە مانگی کانوونی یەکەمی 2009 کە هەژدە ساڵ و نۆ مانگ تێپەڕ بووە بەسەر ڕۆژی هەولێر، لەڕۆژی 29ی کانوونی یەکەمی 2009 لە کەناڵی سەتەلایتی (العراقیة ) دا دادگای باڵای تاوانەکان دانیشتنێکیان ئەنجام دا لەسەر کەیسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شاری هەولێر. منیش کەوتمە خۆ ئامادەکردن و پەیوەندی کردن بەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی وەکو شایەدحاڵێک لە دادگا ئامادە بم لەپێناو بەهێزکردنی ئەو کەیسە. بۆ ئەو مەبەستە لەڕێگەی هاوڕێی بەڕێزم کاک (عەلی مەحموود) بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی چاک ژمارە تەلەفۆنی کاک گۆران ئەدهەمم پەیدا کرد و لە ڕێگەی کاک گۆرانیشەوە ژمارە تەلەفۆنی بەڕێز عەبدولڕەحمان زێبارم دەست کەوت. ئەوە بوو هەوڵم دا پەیوەندی بە کاک عەبدولڕەحمانەوە بکەم بەڵام سەرکەوتوو نەبووم.بۆیە تەلەفۆنم بۆ خوشکەزای زێدە خۆشەویستم کاک قادر حەسەن بەرزنجی کرد و داوام لێکرد پەیوەندی بە کاک عەبدولڕەحمانەوە بکات. ئەوە بوو کاک قادر پەیوەندی کرد بە کاک عەبدولڕەحمان زێبارییەوە.کاک عەبدولڕەحمان بەکاک قادری گوتبوو بە کاک عەبدوڵا بڵێ ئیمەیڵم بۆ بکات و ناوی تەواو و ئەدرێس و ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیڵ ئەدرێسی خۆیم بە زوویی بۆ بنێرێ.ئەوە بوو هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکم نارد بۆ بەڕێزیان و هەر چاوەڕوان بوون کەچی هیچ دەنگی نەبوو. ئەوە بوو تەلەفۆنم بۆ کرد و قسەم لەگەڵیا کرد و جوان بۆم شەرح کرد کە من کێم و چۆن لەناو ئەو لۆرییەی کە شایەدحاڵەکە لە دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق باسی کرد ڕزگارم بووە. و پێمگووت ئیمەیڵم بۆت ناردووە تکایە بیخوێنەوە .گووتی من لە سەفەرم لە دهۆکم و بەسەرچاو وەڵامت ئەدەمەوە. هەروەها لێی پرسیم ئەگەر ناوت بنووسم ئامادەی بێی بۆ بەغدا؟ گووتم بەڵێ ئامادەم بێم بۆ بەغدا.ئەویش گووتی باشە بەسەرچاو. دواتر ماوەیەکی تر چاوەڕێم کرد و دەنگی هەر نەبوو تا لە 18-01-2010 ئیمەیڵێکی بۆ ناردم و وەڵامی دامەوە و پێێ ڕاگەیاندم کە وەکو شاهێد دامدەنێن. منیش ئیمەیڵێکی دەستخۆشیم بۆ باردەوە .

دەقی نامەی ژمارە یەکی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ پارێزەر عەبدولڕەحمان زێباری
لێپرسراوی کەیسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شاری هەولێر لەدادگای باڵای
تاوانەکانی حکومەتی عێراق.

**له نووسەر و شاعیر عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)ەوە**

**بۆ**

**بەرێز پاریزەر عەبدولرەحمان زێباری**

**من ناوم(عەبدولا سلێمان موحەمەدئەمین)ە و خەڵکی شاری کەرکووکم و دانیشتووی شاری ڤانکۆڤەرم لە وڵاتی کەنەدا. وە یەکێکم لە قوربانییەکانی سەرکوتکردنی راپەرینی شاری هەولێر لە 31-03-1991 .**

**ئەمرۆ سێشەممە 29-12-2009 لە رێگەی سەتەلایتی ( العراقیە) دانیشتنێکی دادگای باڵای تاوانەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵم بینی، کەسەبارەت بە سەرکوتکردنی راپەرینی شاری هەولێر بوو، وە بەتایبەتیش گوێم بۆ گەواهیدانی بەرێزێک گرت کە باسی لە لۆرییەک ئەکرد کە لە 31-03-1991لە شاری هەولێر لەلای ئوتێلی شیراتۆن سووتا بوو.هەروەک گەواهیدەرەکە ئاماژەی پێکرد،ئەوکاتەی کە بەرێزی بەتەنیشت لۆرییەکەوە تێپەڕیوە، بینیویەتی ئەو لۆرییە خوێنی لێئەچۆڕا و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی تێدا سووتا بوو.**

**من سەرەتا ئەمەوێ ئەوە بۆ جەنابتان روون بکەمەوە کە کارەساتی ئەو لۆرییە هێندە نامرۆڤانە بوو کە دوواتر بەهۆی ئەو کارەساتەوە ئەو رۆژە بە (رۆژی هەولێر) ناو نرا. منیش یەکێکم لەو قوربانیانەی ئەو کارەساتە و یەکێکم لە رزگاربووانی ناو ئەو لۆرییە. تەنانەت تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستانیش لە یەکەمینساڵیادی ئەو کارەساتەدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ساز کردم سەبارەت بەو رووداوە نامرۆڤانەیە کەلەمێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی کەمە.**

**من سەرباری دەستخۆشی کردن لەو گەواهیدەرە بەرێزە داوام وایە ئەگەر ئەگونجێ ئەو کەسانە بنێردرێنە بەغدا و بچنە هۆڵی دادگای فیدراڵەوە کە قوربانی راستەوخۆی تاوانەکانن و هێشتا زیندوون و ماون و وردکاری تاوانەکانیان لەیادەوەریدا ئەژێت. من لە 31-03-1991 دا سووتام و دوو رۆژ پاشتریش لە 02-04-1991 هەر بەو بریندارى و سووتاوییەوە لەلایەن سوپای رژێمی پێشووەوە گیرام و دادگاییش کرام. ئێستاش هەردوو دەستەکانم سووتاون لەگەڵ دەموچاوم و پێیەکانم، ئامادەم بێمەوە بۆ کوردستان و بچمە بەغدا بۆ گەواهیدان لەسەر ئەو تاوانە و چەندین تاوانی تری سوپای رژێمی پێشوو و ئەو سەدەها کوژراوانەی کەبەچاوی خۆم بینیمن:**

1- **ئەگەر زەمانەتی پاراستنی گیانیم بکرێ.**

2- **ئەگەر بتوانرێ پارەی بلیتەکە و مەسرەفی ئەو چەند رۆژەی لە عێراقم بۆم بگێرنەوە ئەویش چونکە من لە وڵاتی کەنەدا وا بۆ ماوەیەک ئەچێ بێکارم و ئیش ناکەم.ئەگەر کارم بکردایە ئەم داوایەم نەئەخستە بەرچاو.**

3- **من بۆ هیچ کارێکی تر نایەمەوە بۆ عێراق. مەبەست لەم هاتنەوەیەم تەنها بۆ گەواهیدانە لەسەر تاوانەکانی سوپای رژێمی پێشوو. هەر کە کارەکەم ئەنجام دا نامێنمەوە و یەکسەر ئەگەرێمەوە بۆ کەنەدا.مەبەست لەم خاڵەش ئەوەیە کە نامەوێ والێکبدرێتەوە کە(سوء الاستفادە) لە ئاسانکارییەکان ئەکەم.من لەروانگەی هەڵوێستی مرۆیی خۆمەوە دێمەوە نەک بەرژەوەندی شەخسی.**

4- **دانیشتنی داهاتووی دادگای باڵای تاوانەکان ئەکەوێتە یەکشەممە 24-01-2010 و ئەگەر پشتیوانیم لێبکرێ ئەتوانم لەو بەروارە یان هەر بەروارێکی تر ئامادە بم.**

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆت
نووسەر و شاعیر
عەبدوڵا سلێمان موحەمەدئەمین(مەشخەڵ)
2009-12-31
ڤانکۆڤەر- کەنەدا
604-261-9115 ژمارە تەلەفۆن
mashkhal@shaw.ca
abdullahsulaiman1964@yahoo.ca
ئەمەش عینوانمە لە کەنەدا
807-1599 west 71st Avenue
Vancouver, British Columbia
V6P 3C3    Canada

**دەقی نامەی ژمارە دووی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ پارێزەر عەبدولڕەحمان زێباری**
**لێپرسراوی کەیسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شاری هەولێر لەدادگای باڵای**
**تاوانەکانی حکومەتی عێراق لە دەی کانوونی دووەمی** 2010

Slaw kak Abdullrahman Zebary

azizm awa mawayaka namam bot nardwa u jawabt nya??/
Nazanm bo?

mn chawarwany walamy bareztanm.

Abdullah Sulaiman(Mashxal)

**دەقی نامەی ژمارە یەکی پارێزەر عەبدولڕەحمان زێباری**
**لێپرسراوی کەیسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شاری هەولێر لەدادگای باڵای**
**تاوانەکانی حکومەتی عێراق لە هەژدەی کانوونی دووەمی** 2010 **بۆ**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**From:** abdullrahman zebari
**To:** mashkhal
**Sent:** Monday, January 18, 2010 10:57 AM
**Subject:** Re: slaw u sorax

slaw u rez kaka datkayna shayati salmandin

adv zebari

18 jan 2010

**دەقی نامەی ژمارە سێی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) بۆ بەڕێز پارێزەر عەبدولڕەحمان زێباری**
**لێپرسراوی کەیسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شاری هەولێر لەدادگای باڵای**
**تاوانەکانی حکومەتی عێراق لەهەژدەی کانوونی دووەمی** 2010

Kak Abdullrahman Zebari

slaw u rez

Dasttan xosh bet.
mn amadam bo shayati la dadgay balay tawanakan
to ba tafasil agaradm bkarawa,mnish demawa bo Kurdistan.

lagal rezmda

Abdullah Sulaiman(Mashkhal)

18-01-2010

**دەقی نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بە بەڕێز ئاسۆ حامیدی**

کاک ئاسۆ حامیدی بەڕێز
ئەم کاتات باش
سڵاو و خۆشەویستی

من عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ) م لەشاری ڤانکۆڤەر ئەژیم لە کەنەدا. هەرچەندە کاتی خۆی پەیوەندیمان هەبوو،بەڵام ماوەیەکی درێژە پەیوەندیمان پچڕاوە. بەو ئومێدەم ئەم نامەیە ببێتە هۆی پتەو بوونەوەی پەیوەندیمان.
وەک لەیادت بێت لە ڕۆژی گرتنەوەی شاری هەولێر لە 31-03-1991 وەختێ منتان بینی لەگەڕەکی تەیراوە و تۆ منت کردە کۆڵی خۆت و منت گەیاندە ماڵێک بەو هیوایەی ئەگەر بوارت هەبێ بگەڕێیتەوە و دەربازم بکەی. من ئێستا خەریکی نووسینەوەی یاداشتی ئەو ڕۆژانەی ئەو کارەساتەم.واتە من تەنها لەسەر چۆنیەتی سووتان و بریندار بوون و گیران و دادگایی کردنم لە دادگای سەربازی ئەنووسم. جا ئەگەر جەنابت پێت خۆشە من ناوی تۆ ئەهێنم تەنها لەو کاتەوەی کە منتان بینی و منت کردە کۆڵ و منت گەیاندە ماڵەکە و سروودی شۆڕشگێڕانەت ئەگووت.(ئەنتەرناسیونال). و هەروەها دەرزییەکت لێدام. ئەو نووسینەش لەسەرەتادا پێشکەشکراوە یان پێشکەش ئەکرێت بە چوار کەس یەکێکیان تۆی.
جا نازانم :

1- تۆ ڕات چییە؟ ئایا ڕازیت یان پێشنیاری ترت هەیە؟
2- ئایا لەبیرتە چ دەرزییەک بوو لێت دام؟
3- ئەگەر هەر شتێکت هەیە ئەتوانی بەشداریم لەتەکدا بکەی لەنووسینەکە. بۆ نموونە چۆن منت بینی و چۆن ئەمتان ناسییەوە؟ چۆن منت کردە کۆڵ و چۆن دەرزیت لێدام و هتد. ئەگەر ئەو بەشە بنووسی من وەکو خۆی بەناوی خۆتەوە بەئەمانەتەوە لە نووسینەکەما جێی ئەکەمەوە.

خۆشحاڵ ئەبم وەڵامم بدەیتەوە و سوپاست ئەکەم.

دووبارە ڕێزم قەبوڵ بکە و هەر ئاسوودە بیت.

هاوڕێت
عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
ڤانکۆڤەر – کەنەدا
2010-01-17

دەقی وەڵامی بەڕێز ئاسۆ حامیدی بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

بەڕێز کاک مەشخەڵ؛
دوای سڵاو وڕێزم سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەم بۆ ئەم نامەیە

برا من ببووره ئەم ماوەیە لەبەرئەوەی تەندروستیم تۆزێ تەواو نیە و کاتیشم کەمە ناتوانم بە درووروودرێژی باسێکت بۆ بنوسم داوای لیبووردن دەکەم
بەڵام بۆ ئەوەی کە وەڵامی کورتی پرسیارەکانت بدەمەوە
یەکەم
من پێم کارێکی باشە و بەشێکە لە ژیانی سیاسی کوردستان و ئێمە کە کارو چالاکیمان ئەنجام داوەو لەهەمان کات قوربانیمان بۆ داوە
دووەم
نازانم چ دەرزیەک بوو بەڵام من ئەوەندەی لە بیرم بێت من برینەکانم بۆ تیمارکردیت و ماددەی دژی هەوکردنمان بەکار هێنا و پێستە سووتاوەکانم بۆ بڕی
سێیەم
ئێمە کۆمەڵێک چەکدار و هەڵسوڕاوانی شوراکان بووین ئەوکات دوای ئەوەی کە لەسەر قەراتی هەولێر دوو گولە تۆپیان تیاگرتین چووین بۆ خوارەوە دواتر بەرەو تەیراوە دەرۆیشتین لە ڕێگا بەرازیلیەکی ڕەنگی شین بوو تۆی بە سووتاوی لێ دابەزی و بریندار بوویت و لەم کاتەوە ئێمە تۆمان ناسیەوە
دواتریش هاوڕێ یان هەموو ڕۆیشتن و وەزعەکە تا دەهات ئاڵۆز دەبوو و تەنها من و دوو هاوڕێی تر کە کاکە عەبدوڵلا و کاک خالید بوون وابزانم کە ئەوانیش زۆر بە دڵسۆزیەوە مانەوە
دواتر ئێمەش چووین بۆ گەڕەکی مەلایان کە ئەمەش خۆی تراژیدیایەکی تر بوون

دووبارە ڕێزم هەیە و هەر سەرکەوتووبن
ئاسۆ حامدی
هۆڵەند

دەقی نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ بەڕێز کاک قادر حەسەن بەرزنجی

بەڕێز کاک قادر حەسەن بەرزنجی
سڵاو ئازیزم...چاوەکانت ماچ ئەکەم و سڵاوم هەیە بۆ ماڵەوەتان.

تۆ خۆت وەک یەکێک لە نزیکترین کەسانێک لە کە ڕۆژەکانی سووتانم، دوای ئەوەی لە ڕەشبگیریەکەی کەرکووک لە 03-1991گیرایت و ڕەوانەی باشووری عێراق کرایت و لە 22-04-1991بە موعجیزە بەربوویت، ئەوە بوو گەڕایتەوە هەولێر و هاتیتە ماڵی من و لە نزیکەوە ئاگاداری وەزعی من هەبووی و ڕۆڵێکی گەورەت گێڕا لە چارەسەر کردنی دەستەکانم. من ئێستا خەریکی نووسینەوەی یاداشت و یادەوەری ئەو ڕۆژانەم و بەتایبەتی چۆنیەتی سووتانم و گیرانم و دادگایی کردنم لە دادگای عەسکەری و چۆنیەتی بەربوونم و ئینجا چارەسەرکردنم.
کاک قادر ئایا بەڕێزت ئەتوانی

1- شتێک بنووسی لەسەر ئەو ڕۆژانە. چۆن منت بینی و چۆن ئەهاتمە بەرچاوت؟
2- چۆن دەستت کرد بە چارەسەرکردنم و چ چارەسەر و حەب و مەڵحەم و دەرمانێکمان بەکار هێنا؟
3- هەر یادەوەرییەکی تر کە بە پێویستی ئەزانن.

هەوڵبدە وردبینی لە درکاندنی زانیارییەکان بەکار بهێنێ چونکە نووسینەکەت ئەبێتە بەشێک لەو نووسینەی من و ئەگەر بکرێت لەداتوودا لە نامیلکەیەکدا بڵاوی ئەکەمەوە.

ڕێزی زۆرم قەبووڵ بکە

عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)
ڤانکۆڤەر – کەنەدا
2010-01-10

دەقی نامەی بەڕێز کاک قادر حەسەن محەمەد بۆ عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)

بۆ هاوڕێ و خاڵی زۆر بەڕێز و خۆشەویستم کاک عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)
سڵاوێکی گەرم و ئەم کاتەت باش
زۆر سوپاس بۆ نامەکەت و هەواڵ پرسینت،هیوادارم سەرکەوتوو بیت.
بەنسبەت ئەو پرسیارانەی ئاراستەت کردووم،بەخۆشحاڵییەوە وەڵامت ئەدەمەوە.

سەرەتا لەو ساتەوە دەست پێئەکەم کەلەزیندان ئازاد کرام، پاش گەڕانەوەم لەبیابانەکانی زیندەبەچاڵکردن، پاش گەڕانەوەم لە قەراغەکانی مەرگەساتی بیابان، گەڕانەوە لەناو ئەو لمەی کەزۆر بێتاوانی نقوومی ژێر زەوی کرد.
من لە 21-04-1991 لە زیندان ئازاک کرام و لە بەرواری 22-04-1991 گەیشتمەوە شاری هەولێر. ناو شار شڵەژابوو و تا ڕادەیەک نائارام بوو. ناو شەقامەکان بەبازگەی جەندرمەکانی بەعس ئابووقە درابوو و وەکو گورگی برسی و بەچاوی گوماناوییەوە لەخەڵکیان ئەڕوانی. لەنزیک گۆڕەپانی ڕیمەکان چاوم کەوت بە پوورم کافیەخان و هەواڵی بریندار بوون و سووتانی تۆی پێراگەیاندم و گووتی " خاڵە عەبدوڵا ئێستا لەماڵ خۆیەتی لە نەسیج. کەگەیشتمە بەر دەرگای ماڵتان بەڕەنگ و ڕوخسارێکی تۆزاوییەوە کە هەموو جەستە و بەرگمی پۆشیبوو، بۆنی مردووە بێ تاوانەکانی بیابانم بەجەستەوە نووسابوو.ئەو بۆنەی لەدەستە بێ بەزەییەکانی ئەو سەرباز و ئەفسەرانەوە دەهاتە دەرەوە کە ڕوحی لە جەستە جیا ئەکردەوە. کەهاتمە ژوورەوە و چاوم پێتکەوت کەلەسەر پشت درێژکراوی و هەردوو دەستت و ڕوخسارت سووتاوە. دەستەکانت لەسەر دوو بالیف درێژ کراون و یەکیان لەلای ڕاست و ئەویتریان لەلای چەپ بەشێوەیەک کەناو لەپی هەردوو دەستەکانت لەسەر بالیفەکان درێژ کردبوو.ڕوخسارت تازە توێکێکی سووتاوی فڕێدابوو.کەچاوت کردەوە و منت بینی، پاش ئەوەی یەکترمان تێر ماچکرد و گووتت زۆر خۆشحاڵم بەئازاد کردنت و چاوم ڕۆشن بووەوە.بەڵام چی...چاوەکانت پڕ بوون

له گریان،چاوه تەڕەکانت بەباڵندەیەکی ئەکرد کەلەژێر ڕەهێڵەی باراندا فڕی بێت.چاوە تەڕەکانت ناخ و هەستی بزواندم و دونیای ڕووناکم لێبوو بە تاریکستان، تاریکییەک کەجووڵەی جیهان لەگەڵ خۆی ئەوەستێنێت، تاریکتر لەژووره تاریک و زوڵمەتەکانی گرتووخانەی بیابان کەحەز و ئارەزووی تێدا ون دەبێت. ڕەنگ و ڕوخساری زەرد هەڵگەڕاوەت بەو گەڵا هەڵوەریوانەی پاییزی ئەکرد کەلەگەڵ هەڵکردنی شنە هەڵدەوەرێتە سەر زەوی.

خاڵە گیان... کەچاوم پێت کەوت وەکو مەلێکی باڵ سووتاو هەستم بەهەموو ئازارەکانت ئەکرد. هەستم کرد ترس وەکو تارماییەک جەستەتی داپۆشیوە.وەکو کەسێکی یاخی و هەڵهاتوو لەدەستی ڕژێمی بەعس وەکو کەسێکی بەشدار بوو و چالاک لەراپەڕینەکەی شاری هەولێر،بۆیە منیش بڕیارم دا لەگەڵتا بمێنمەوە و بەهەموو توانام خزمەتت بکەم چ وەکو یاریدەری پزیشک و چ وەکو کەسێکی ئازیز و خۆشەویستی خۆم.

ئازیزم... کاک فەخرەدین عەزەدین،ئەو یاریدەدەری پزیشکەی هەموو ڕۆژێک بۆ تیمارکردن سەردانی ئەکردی بەبێ بەرامبەر، منیش یارمەتیم ئەدا.ئەوەی جێی باسە سەرەتا پێش تیمارکردن دەبوایە هەردوو دەستەکانت لە تەشتێکی پڕ لە سابوناو بە سابونی ڕەقی و ئاوی شلەتێن بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک دەبوایەتێیدا بخوسێنی.پاشان بەشاش (Gouze) پێستەی سەر شوێنە سووتاوەکانمان هەڵئەگرت تا دەستەکانت دەبووە پارچەیەک لە خوێن و پاشان بە مەرهەمی(سوفرامایسین) چەورمان ئەکرد و (سوفراتول*)مان لەسەر سووتاوەکە دائەنا. ئەم تیمارکردنە دەبوایە هەموو ڕۆژێک بکرایە تاکو دەستەکانت تووشی گانگرین نەبوونایە.

خاڵە گیان... وەکو خۆت ئاگاداری هەموو داو و دەرمانەکانمان بەپارەی خۆمان لە دەرمانخانە دەکڕی.چونکە نەماندەتوانی هاتووچۆی نەخۆشخانە بکەین لەترسی گرتن.ئەمەوێ بەیادت بێنمەوە هەموو ڕۆژێک دەبوایە ئەم دەرمانانە لە دەرمانخانە بکڕین:

1- سێ دەرزی ئەمپی کلولس 500 گرام
2- پارچەیەک پۆنستان کەبسول
3- یەک پاکەت سوفراتول(هەر پاکەتێک دە دانەی تێدایە)
4- پاکەتێک شاش
5- دوو مەرهەم سوفرامایسین

چاوەکەم...لەناوەڕاستی مانگی ئایار وەزعی ناو شار گرژ و ئاڵۆز بوو و ئەوە بوو لەترسی گرتن شاری هەولێرت بەجێهێشت و بەرەو ڕانیە ڕۆیشتی.من تا دیانا لەگەڵت بووم و پاش ئەوەی لەهەموو بازگەکانی ڕژێم بەسەلامەتی دەرباز بووین، ئەوسا تۆ لەگەڵ هاوڕێیەکت کە دکتۆر بوو بەرەو ڕانیە بەڕێکەوتن و منیش گەڕامەوە بۆ هەولێر تاکو چاووم لە مناڵەکان بێت. دووای سێ هەفتە وەزعی ناو شاری هەولێر هێور بووەوە. ئەوە بوو گەڕایتەوە بۆ هەولێر و دووبارە لەگەڵ کاک فەخرەدین دەستمان کردەوە بە تیمارکردنی دەستەکانت تا بەتەواوی چاک بوونەوە. بەڵام بەداخەوە پەنجەکانت نەدەنووشتانەوە و پێستەکەی گرژ ببوونەوە. دوواجار بڕیارماندا سەر لەیەکێ لەدکتۆرە پسپۆڕەکان بدەین و چووین بۆ لای دکتۆر(مەحەمەد باجەلان).پاش پشکنین گووتی دەستەکانت پێویستییان بە نەشتەرگەری هەیە تاکو پەنجەکانت ڕاست ببنەوە.بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی نەمانتوانی نەشتەرگەرییەکە ئەنجام بدەین. دووای ماوەیەک دکتۆر باجەلان لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕژێمی بەعسەوە تیرۆر کرا و ئێمەش ئەو دەرفەتەمان بۆ نەڕەخسا تا نەشتەرگەرییەکە ئەنجام بدەین و دەستەکانت هەر وا مانەوە تا سەفەر کردنت بەرەو هەندەران.

لەکۆتاییدا سڵاو و ڕێزی دووبارەم بفەرموو
هەر شاد و سەرکەوتوو بیت

**قادر حەسەن محەمەد**
2010-01-23
**کەرکووک - کوردستان**

**تێبینی : سوفراتۆل پێکهاتەیەکە لە دوو مادە سوفرامایسین مەرهەم و توول.توولەکە بە سۆفرامایسین مەرهەم داپۆشراوە و بۆ سووتان بەکار ئەهێنرا.**

**دەقی نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ بەڕێز کاک فەخرەدین عەزەدین**
**بەڕێز کاک فەخرەدین عەزدەین**
**سڵاو رێز ،بەهیوام هەر بەختەوەر بیت**

**وەک لە** 2010-01-21 **بەتەلەفۆن پێم ڕاگەیاندی کە بەنیازم یاداشت و یادەوەری ئەو ڕۆژانە بنووسمەوە کە لەدوای سەرکوتکردنی ڕاپەرینی شاری هەولێر کەبەزنجیرەیەک ڕووداوی کارەساتبار و مەرگهێنەردا تێپەریم و دوواتریش ڕزگار بوونم بە ڕێکەوت،تا چارەسەرکردنی دەستەکانم و یەکتر بینینمان و هەوڵی جوامێرانەی تۆ لە تیمارکردن و پێشکەشکردنی ئەو خزمەتە بێ بەرامبەر و مرۆییەی کە لەلای من سومبولی ئینسانی و مرۆ پەروەرییە.تۆ وەک یاریدەدەری پزیشکێک لەو ڕۆژانەدا باش لەیادم نەماوە لە زیندان گەڕابوویتەوە یان لە سەربازی چ هەستێکت هەبوو سەبارەت بە کەسێک کە نایناسی، سووتاوە و لەماڵەوە بێ چارەسەر کەوتووە و چاوەڕوانی فریاد ڕەسێک ئەکات؟ چ یادگارییەکت لەیاد ماوە کە بتگێڕێتەوە ئەو ڕۆژە پڕ لەترس و نەهامەتییە؟ بینینی من بەو جۆرە چ هەستێکی لا بەجێهێشتی؟ چارەسەرەکان چی بوون؟ یان هەر شتێک کە خۆت پێت خۆشە باسی بکەی و پەیوەندی هەبێت بە سووتانی منەوە. ئازاد بە لە نووسین و منیش لەم یادەوەرییەی خۆمدا جێی ئەکەمەوە و پێشم وایە ڕۆڵی خۆی ئەگێڕێ لە پتەو کردنی بەدۆکیمەنتکردنی ئەو کارەساتە جەرگبڕەی** 1991-03-31 **ی شاری هەولێر کە پێم وایە زۆر زووتر ئەبوایە ئەو کارەم بکردایە.**
**من چارەڕوانی وەڵامی جەنابت ئەکەم**
**ڕێزو خۆشەویستیم قەبووڵ بکە**
**هەر ئاسوودە بیت**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**
**ڤانکۆڤەر - کەنەدا**
2010-01-23

**تێبینی : ڕۆژی هەینی 12-03-2010 پەیوەندی دووەمم کرد بە کاک فەخرەدین عەزەدین و باسی ئەوەم لەگەڵدا کرد کە نامەم بۆ نووسیوە و ئەگەر کۆمپیتەری هەبێ بۆی ئەنێرم. بەڵام بەداخەوە کاک فەخرەدین کۆمپیتەری هەیە بەڵام هێڵی ئەنتەرنێتی نییە و نەمتوانی ئەم نامەیەی سەرەوەی بگەێنمە دەست.بەو هیوایەی لە کاتی چاپکردنی ئەم نووسینە وەک نامیلکەیەکی سەربەخۆ وەڵامی نامەکەی کاک فەخرەدینش لە خۆ بگرێ.**

## دووا وتە

**ئایا دەبێ مرۆڤ دوا وتەی هەبێ؟ ئایا ئەشێ کەسێک دوای تێپەڕبوون بەم هەموو نارەحەتی و ئازار و مەینەتانە بەچەند قسەیەک کۆتایی بێنێ بە هەموو ئەو یادەوەرە ناخۆش و تاڵانەی ژیان. یان لە پەراوێزی گێرانەوەی گەڕانەوە لە هەناوی مەرگەوە چ شتێک بگووترێ تا دەروازەیەک بێت بۆ ماڵئاوایی لە خوێنەر. ئەو خوێنەرانەی کە ماوەیەکە لەگەشتێکی خوێناوی دان لەگەڵ ئەم بەسەرهاتەدا. من لەم دووا وتویەمدا بەنیاز نیم بۆچوونی سیاسی خۆم سەبارەت بە هیچ شتێک دەربڕم،بەڵام ناچارم بە ئاماژەیەکی زۆر خێرا باسی لە ترس بکەم وەک کابووسێک کەبەردەوام سێبەری خستبووە سەر ژیانم. من لەو ڕۆژە ڕەشانەی کە دیمن، پێکرام بەترس. ترس لە مەرگ،ترس لە زیندانی و دادگایی کردن و ترس لە دەنگ. هەرچەندە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژ و مانگ و ساڵ ترس لە مەرگ و زیندان کاڵتر ئەبۆوە،بەڵام ترسی دەنگ هەر وەک خۆی مابۆوە. بەتایبەتی دەنگی دەرگا و پێوەدانی بەهێزی دەرگا کە زۆر بەزیندوویی لەناخمدا ئەژیا،زرمەی دەرگا پێوەدان نەک هەر دایئەچڵەکاندم،بەڵکو یەکسەر ئەیبردمەوە بۆ ئێوارەی 31-03-1991 و ناو ماڵەکەی دایکی ڕووناک خان. هەروەها ئەمەوێت ئەوەش بدرکێنم کە زۆرجار خوێندومەتەوە و بیستوومە کە تێپەڕبوونی مرۆڤ بە ئەزموونگەلی لەم چەشنە کەزۆر جار کاریگەرییە دەروونییەکان لەئەنجامی خۆخاڵی کردنەوە و باسکردنی ڕووداوەکان کاڵ ئەبنەوە و نامێنن،بەڵام لای من کە دەیەها جاریش ئەو ڕووداوانەم گێڕاوەتەوە و باس کردووە،کەچی دەنگی دەرگا داخستن کاریگەری هەر ماوە و بەئومێدم لەگەڵ تەواو بوونی ئەم نووسینە ئەویش ماڵیاوایم لێبکات.**

**بابەتێکی تر کە جێی باسە ئەویش قوربانییە.قوربانی لەدیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنها بریتییە لە قوربانی کورد وەک گشتییەک،کەئەمەش هەم بۆ سیاسەتمەدارانی کورد کاغەزێکی باشە بۆ گەمە سیاسییەکانیان و هەم قۆرخکردنی هەست و بیری تاکی کوردیشە لەبەرامبەر ساتوسەودا سیاسییەکانیان.هەرچی تاکیشە وەک قوربانی تەنها ئەو کاتانە وەک قوربانی ئەژمار دەکرێن کە لەسێبەر حیزبە سیاسییەکانی دەسەڵاتی کوردی پێناسەی سیاسی بوونی خۆیان بکەن.خۆ ئەگەر**

**لەدەرەوەی ڕێکخستنی ئەو حیزبانەوە بن ئەوا نە مافیان هەیە و نەشایانی ئاوڕ لێدانەوەن، وەک ئەوەی حکومەتی هەرێم بەری ڕەنج و خوێنی ئەو تاکانە نەبێت.من حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قەرزاری ماددی و مەعنەوی خۆم ئەزانم و ئەرکیانە قەرەبووی مادی و مەعنەویم بکەنەوە. ئەرکیانە ئاوڕم لێبدەنەوە و ئاوڕ لەو خوێنەم بدەنەوە کە لەیەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین و لە دووا ڕۆژی سەرکەوتکردنی ڕاپەڕیندا ڕشتوومە. ئەرکیانە ئاوڕ لەو کەسانە بدەنەوە کەڕۆژگارێک قەڵغان بوونە لەپێناو ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی بەعس. حکومەتی هەرێم ئەرکیەتی پاداشت و خەڵاتی ئەو سەربازە نەناسراوانە بکات بە بێ گوێدانە بیروباوەڕی سیاسیان کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بوونەتە قوربانی دەستی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس. بەڵام ئاخر کەی حکومەتی هەرێم گوێ لە خەڵک ئەگرێ؟ کەی حکومەتی هەرێم ئەو مرۆڤانەی بەلاوە گرنگ بووە و گرنگە کە بەڕاستی خەباتگێڕن و لەسبەینێی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیدا هەر ئەو مرۆڤانەن دەبنەوە بەئاگر و گیانی دوژمنان ئەسووتێنن.ئاخر حکومەتی هەرێم،حکومەتی بازرگانە سیاسییەکانە نەک خەڵک، ئەگەر لەبۆچوونی منەوە حکومەتی خەڵک بوایە بەدڵنیاییەوە من ئەو دوو سێ دێرەی سەرەوەم نەدەنووسی. من لەسەرەتای ئەم دووا وتەیەمدا بەڵێنم دا بۆچوونی سیاسی خۆم دەرنەبڕم،بەڵام وا دێرەکانم پەلکێشم ئەکەن بۆ جێگایەک کە بەناچاری خاڵ لەسەر ئەو پیتانە دابنێم کە ئەبێ دابنرێن.**

**بەدۆکیومێنیکردنی ئەم کارەساتە و سەدەها کارەساتی تر لەمێژووی دوور و نزیکی کورد ئەرکی بێ ئەملاوئەولای حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا پەیوەندیدارەکانە، نەک من. بەڵام چونکە عەقڵییەتی بە ئەرشیفکردنی دیرۆک لە پانتایی بیرکردنەوە و پیلانی حکومەتی هەرێمدا بوونی نییە، وەیان زۆر لاوازە، بۆیە من دیسانەوە ئەبێ لەم بەدۆکیومێنتکردنەدا ببمەوە بە قوربانی. قوربانییەک کەئەمجارە خۆم ئارەزوومەندانە هەڵی ئەبژێرم.ئەویش قوربانی دەستی خودی ئەم دووا وتەیەیە کەلەوانەیە لەبری خوێندنەوە و ئاوڕلێدانەوە،ببێتە هۆی ڕق هەڵڕشتن و بەسووک تەماشاکردنی ئەم هەوڵەم کە زیاتر لە مانگێکی ژیانم بۆی تەرخان کردووە لە نووسینەوە و پاڵپشیکردنی بە چەندین نامە و دۆکیمێنت.بەلام هەموو ئەمانە نابنە هۆی ساردبوونەوەم لەم کارەی کەدەستم داوەتێ و بەئەنجامی هەر ئەگەیێنم جا ئەنجامەکەی هەر چییەک بێت.**

**من لەم دووا دێرانەمدا جارێکی تر ڕایئەگەیێنم کە خۆم بەقەرزاری هەموو ئەو کەسانە ئەزانم کە ناویان لەم نووسینەدا هاتووە،خۆم بەقەرزاری هەموو ئەو کەسانە ئەزانم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەپێناو خزمەتکردنی من و پاراستنی ژیانی من بەکارێک ،بە وتەیەک،بە هەر شتێکی تر ڕۆڵیان گێراوە. چ ئەوانەی ناویان هاتبێ یان نەوانەی لەیادم چووبێ ناویان بهێنم و دووبارەشی ئەکەمەوە زۆریش داوای لێبوردن لەو بەڕێزانە ئەکەم لەگۆشەیەکی پەنهانی ئەم بەسەرهاتەدا لە بیر کڵۆڵی منەوە ناویان نەهاتووە و یان بەپێی پێویست هەڵوەستەم لەسەریان نەکردووە.**

**هەروەها سەری ڕێز و نەوازشم لەئاست گیانی پاکی هەموو ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕ و بەئەمەکانەی ئازادی و ڕزگاری دائەنەوێنم کەلە ڕۆژی** 31-03-1991 **دا لەسەنگەری بەرگریکردن لە ئازادی مرۆڤ ژیانی خۆیان بەختکرد ، بەتایبەتیش لەئاست گڵکۆی ئەو هەڵقرچاوە بێتاوانانەی نێو ئەو لۆرییەی کەکەسمان نەماندەزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەبێتە بەشێک لە مێژووی کورد و سیمبوڵی دڕندەیی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس.**

For documentation a tragedy disaster

# Under a black smoke

**It’s a true story from the darkest moment of my life**

Written by

**Abdullah Sulaiman (Mashkhal)**